**ناوەرۆك:**

١-پێشەكی.
٢-ناساندنی زاراوەی ڕەخنە.
٣-ڕەخنەی ئەدەبیو كۆمەڵناسی.
٤-ڕەخنەی ئەدەبیو دەروونناسی.
٥-ڕەخنەو زانستی زمان.
٦-ڕەخنەی فۆرمالیست.
٧-سیماكانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە.
٨-ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر.
٩-دیمەنەكانی ڕەخنەی فیمینیستی.
١٠-ڕەخنەی نوێ.
١١-ڕەخنەی ئۆتۆبایۆگرافیا.

## پێشەکیەکی کورت:

مێـژووی سـەرهەڵدانو دەرکـەوتنی ڕەخنـەی ئـەدەبی مێژوویـیـەکی کۆنـەو بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەو مێـژووە بـە لایــەنی کەمــەوە دەبــێ بگەڕێینــەوە بــۆ لای ئـــەفلاتون. بۆچوونەکانی ئەو لەسەر شیعرو جۆری پەسەندی شیعر بریتییـە لـە دانـانی تـیۆروانینێکی تیـۆری سـەبارەت بـە یەکێك لە ڕەگەزە دیارەکانی ئەدەب کە شیعرە.

ئێمە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا کە کتێبی گیرفانە بە دوای ئــەو باسـانەدا نەگــەڕاوین کــە پــەیوەندییان بــە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیە بەڵکو ئەو باسانەمان هـەڵبژاردووە کـە ڕێبـازە دیارەکـانی ڕەخنـەی ئـەدەبیو خاسێتو شێوازی ئەو ڕێبازانەو چۆنێتی کارپێکردنیان دەناسێنێت. هەوڵمانداوە زیاتر ئەو باسـانە هـەڵبژێرین کە لە مێـژووی دەرکەوتنی ڕێبـازە دیارەکـانی ڕەخنـەی ئـەدەبی نــادوێن، بــەڵکو میتــۆدی کــارکردن پێشــکەش دەکـەن. ئــەم باسـانەش لــە نووسـینی (دایڤـد دەچـزو ڕۆبێرت دیاینی و ئەبرامز)ن. کە هەریەکە لەم نووسەرانە ئاخـاوتنی چڕوپڕیـان سـەبارەت بـە ڕێبـازو میتۆدەکـانی ڕەخنـــەی ئـــەدەبی و زاراوە ئـــەدەبیو ڕەخنەییـــەکان کــردووە. ئەمــە ســەرباری ئــەوەی لــە بــواری ڕەخنــەی پراکتیکیشـدا جێگـای دیاریـان لـە ڕەخنـــەی ئـــەدەبی ئینگلیزیو تەنانەت ڕۆژئاواشدا هەیە بە تایبەت دایڤد دەچزو ڕۆبێرت دیاینی.

من ئەگەرچی خۆم بە وەرگێڕ نازانم، بەڵام هەندێ جار ئارەزووی وەرگێڕانم هەبووە بە تایبەتی لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە یان وەرگێڕانی هەندێ بابەتی فیکری کە توانام بە سەریدا شکابێت. زۆر جاریش ڕووگیر بووم کە هەندێ بابەتی وەکو شیعرو چیرۆك و بواری ئەدەب وەربگێڕم، کە ئێستا دەزانم لەو بوارانەدا کاتێکی زۆرم بە فیڕۆداوە. بۆیە لەگەڵ ئەم وەرگێڕانەدا ئەو بڕیارەی خۆم بڵاودەکەمەوە کە جارێکی تر لە بواری ئەدەبدا جگە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هیچ شتێکی تر نەکەمە کوردی، ئەمەش بۆیە بڵاودەکەمەوە هەم بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر کاریگەری داواکاری خەڵکەوەو، هەم خۆیشم بواری پەشیمان بوونەوەم نەبێت.. هەم گوێڕایەڵیم بێت بۆ ئەو بوارانەی تری نووسین کە خۆمم پێوە خەریککردووەو وەکو نووسەرێکی متەوازیع دەزانم شوێنی کارکردنی من بواری کۆمەڵایەتی و کەلتوری‌و مێژووییە نەك وەرگێڕانی ئەدەب.

هیوادارم ئەم کتێبە بچکۆلەیە کە لە سنووری لێکۆڵینەوەی ئەدەبدایەو ئێمەش لەم بوارەدا هەژارین سوودێکی هەبێت بە تایبەتی بۆ ئەو خوێنەرو خوێندکارانەی بواری ئەدەب کە ناتوانن بە هیچ زمانێکی غەیری زمانی کوردی بخوێننەوە.

**عەتا قەرەداخی**

**٢٠٠١/١٠/١٧**

**سلێمانی**

## ناساندنی زاراوەی ڕەخنە

**ن: ئەبرامز**

ڕەخنە ئەو لقەی لێکۆڵینەوەیە کە پەیوەندی بە پێناسەکردن و پۆلێنکردن و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەدەبەوە هەیە. بە بنیادنانی زنجیرەیەك زاراوەی پێکەوە پەیوەستبوو، جیاکردنەوەکان و گروپکردنەکان دەبێ دابنرێن و بەکاربهێنرێن لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی ئەدەبدا، هەروەها دانانی ئەو پێوانانەی (پێوانە ستاندەرەکان یان) کە بە هۆیانەوە ئەم بەرهەمانەو نووسەرەکانیان دەنرخێنرێن، کۆنترین بەرهەمی ڕەخنەی تیۆری (هونەری شیعری) ئەرستۆ بوو، کتێبی نوێی کارگەریش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا "بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی" ئای. ئەی. ریچاردزە کە لە ساڵی ١٩٢٤ بڵاوبۆتەوە. لەگەڵ کتێبی "توێکاری ڕەخنە"ی نۆسرۆپ فراییە کە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوبۆتەوە.

ڕەخنەی پراکاتیکی، یان "ڕەخنەی جێبەجێکردن" خۆی پەیوەست دەکات بە گفتوگۆکردنی بەرهەمە دیارەکان و نووسەرە تایبەتەکانەوە، لە هەر ڕەخنەیەکی جێبەجێکردندا، بنەما تیۆرییەکان کە دەسەڵات دەکەن

بەســـەر شـــيكردنەوەو هەڵســـەنگاندندا بـــە شـــاراوەيى بـــەجێدەهڵێرێن، يـــان تـــەنيا وەكـــو داواكاريـــەكانى پەيوەســـتى موناســـەبەت يـــان كـــاتێكى ڕەخســـاو دەهێنرێنـــەوە. لـــەنێو بەرهەمـــە گـــەورەكانى ڕەخنـــەى جێبەجێكردندا لە ئينگلتەرەدا وتارە ئەدەبييەكانى جۆن درايدنو ژيانى شاعيرانى دكتۆر جۆنسنو، بەشـەكانى كۆلـێريج لەسـەر شـيعرى وردزۆرس لـە بايۆگرافيـاى ئەدەبداو وانەكان دەربارەى شكسپيرو وتارەكانى ماتيۆ ئـارنۆڵد لـە ڕەخنـەداو وتـارە هـەڵبژاردەكانى ت. س. ئيليەت هەن.

## ڕەخنەی ئەدەبیو کۆمەڵناسی

### ن: دەچز

لە ڕەخنەی نوێدا توێژینەوەی بنەما کۆمەڵایەتیەکانی نووسەرو ئەو کاریگەرییەی کە فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بەرهەمەکەی هەیبووە پێویستە بە لایەنی کەمەوەو بە شێوەیەکی گشتی وەکو توێژینەوەی دەرونزانیانەی باری عەقڵی (مێشکی) نووسەر توێژینەوە بکرێن چونکە ئەم دوو بوارە پێکەوە دەڕۆن.

## چوونە ناوەوەیەکی بنچینەیی

وەك دەبینین ڕەخنەگرانی وەك ئیدمۆند ویڵسن بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوێستی چارلس دیکنز یان کیپڵینك وەکو نمونە وەردەگرن و توێژینەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی دیاردە دەرونیەکان دەکەن. دیاردەی دەرونی خۆیان دواتر بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردن بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەکاردەهێنرێن و پەیوەست بە خاسێتەکانی بەرهەمی نووسەرەکە بەهێند دەگیرێن.

ئەو گیروگرفتانەی کە لە هەر گفتوگۆ لە سەرکردنێکی پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسیو ڕەخنەی ئەدەبیدا

سەرهەڵدەدەن، هەموویان یەك گەوهەریان هەیەو لە هەندێ باریشدا یەك شێواز لەخۆ دەگرن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی چڕو بەتینی نێوان ڕەخنەی ئەدەبیو كۆمەڵناسی لە هەر حاڵەتێكدا كە چوونە ناوەوەی بنەڕەتی بگرێتەوە ئەوە لێكدانەوەی بەرهەمەكە لە ڕوانگەی بنەماكانیەوە سەرهەڵدەدات گەرچی ئەو لێكدانەوەیە تاكەكەسی یان كۆمەڵایەتی یان هەردووكیان بێت پێكەوە. لێرەدا سێ پرسیاری سەرەتایی سەرهەڵدەدەن. یەكەم ئایا زانست (یان زانستی بێواتا) لەو حاڵەتانەدا كە بنەماكان دەخرێنەڕوو بەوەی كە خۆیان بە پێوانەیی نیشانبدەن یان تەنیا وەسفكردنبن، داخۆ ئەمانە توانامان دەدەنێ بۆ بڕیاردانێكی ڕێژەیی بەسەر بەهاو نرخەكاندا، یان داخۆ تەنیا پێمان دەڵێن چی ڕوودەدات؟

دووەم ئەگەر ئەم زانیارییانە پێوانەیی بن و، ئەگەر ئێمەش پێوانەمان هەبێت كە لەسەریان بەهاكانی نرخاندن و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە حاڵەتی مێشكی (عەقڵی) جۆرە كانی كۆمەڵگا دابڕێژرێت، ئایا دەتوانرێت بڕیاردانەكان كە سەبارەت بە حاڵەتەكانی ئەسڵی بەرهەمی ئەدەبی دروستدەكرێن بگوازرێنەوە بۆ بەرهەمی ئەدەبی خۆی؟

سێیەم ئەگەر ئەو زانیارییانە پێوانەیی نەبن چ جۆرە بەهایـــەك دەبێتـــە زانیـــاری پەیوەســـت بـــە بنـــەما سایکۆلۆجیو کۆمەلایەتیەکانی بەرهەمێك کە بۆ ڕەخنەی ئـەدەبی ئـەوەی بەدەســتهێناوە، وەکـو جیاوازییــەك لــە مێــژووی ئــەدەبی؟ بــا ئێســتا پێکـــەوە ســـەرنجی ئـــەم پرســـیارانە بدەیـــن لـــە ڕوانگـــەی پابـــەندبوونیان بـــە کۆمەڵناسیەوە:

## کۆمەڵناسی چییە؟

ئایا کۆمەڵناسی زانیارییەکی پێوانەییە؟ دانانی ئەم پرسیارە لەم شێوەیەدا بۆ ئەوەیە کە نیشانی بدەین هەر هیچ نەبێت کۆمەڵناسی زانستەو لە پاڵ ئەوەشدا جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنەو زاراوەی زانست خۆی لە سیقاێکی وەهادا شتێکی دوورنیە لە تەموومژ- ئێمە دەتوانین ئەم خاڵــە بەجێبــهێڵین بــۆ کۆمەڵناســەکان هــەتا گفتوگــۆی لەسەربکەن. بە لایەنی کەمەوە ئێمە دەشێ ئەوە پەسەند بکـەین کـە بـەدواداچوونی بنیـادی کۆمەڵایـەتی لەهــەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویـداو بۆ دەستنیشانکردنی شێوەی ڕەفتـارکردن کـە لـەو بنیـادەوە بەرهـەمدێن ئـەو بەدواچوونـــە دەگاتـــە ئـــەنجامو زانیـــاری ڕاســـتو دروستیشی لێوە بەدەستدێت. داخۆ ئەم زانیارییـەی کـە

بـــەم جـــۆرە بەدەســـــتهاتووە پێوانـــەی ئۆتۆمـــاتیکی نەخۆشـــییە کۆمەڵایەتیـــەکانو لایەنـــە دروســـــتەکان پێشکەشـدەکات؟ ئایـا کۆمـەڵناس لـە توانـای خۆیـــدا دەتوانێت وەکو کۆمـەڵناس پێمان بڵێت کام شێوازانەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان لـەوانی تریـان باشـترنو کـام جـۆرە تایبەتیانـــەی ڕەفتـــاری کۆمەلایـــەتی زۆرو کـــەم پەسـەندن؟ کۆمەڵناسـەکان خۆیـــان لەوانەیـــە ئـارەزووی وەلامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە بـە نێگـەتیڤ بکـەن. ئـەوان پێیان باشە کە بیر لە کارەکانیان وەکو وەسفێکی ڕووتو لـە دەرەوەی هـەر ئاسـتێکی پێوانـەیی بکەنـەوە. بـەمجۆرە کۆمەڵناسـی لـە خۆیـدا ناشـێت زانسـتێکی پێوانـەیی بێـت بەڵکو دەشێ بەو ئاراستەیەی کە ئێمە وەکو کەسانی ژیرو ڕۆشنبیر بە هەڵوێستی پێوانەیی دابنێین زانیاریمان بداتێ.

ئـەوەندەی پـەیوەندی بـە کەسـی ڕۆشـنبیرەوە هەیـەن کۆمەڵناسـی زانسـتێکی پێوانەییـە چونکـە ئـەو کەسـە ڕۆشـنبیرە پێناسـەیەکی لـەوە گـەورەتری هەیـە کـە تـەنیا ئـاژەڵێکی کۆمەڵایـەتی بێـتو بـەس. کەسـی ڕۆشـنبیر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی مـرۆڤ دەخاتـە سـنووری تێگەیشـتنی خۆیـەوەو بۆچوونـی سیاسـیو ئـەخلاقیو.. تاد دەهێنێت بۆ ئەوەی ئەو زانیارییەی لەسەر بینا بکات کە کۆمەڵناس پێشکەشی دەکات.

رۆشـنبیر هیومانیسـتیکی تایبەتمـەند نییـە، وەکـو ئەوەشی کە پەیوەستە بـە تویژینـەوە تایبـەتکراوەکانی سۆسیۆلۆجیسـتەوە سـەبارەت شـوینی مـرۆڤ و پیویسـتییەکانی وەکـو مـرۆڤ ئـەم دیسـان تایەبتمـەند نییە، بۆ نموونە دەشێ ئەو زانیاری کۆمەلناسی لە رووی ئەخلاقیـەوە شـیبکاتەوەو پشـتگیری ئـەو دامـەزراوە کۆمەلایەتیانـەش بکـات کـە غـەریزە دوژمنکارییـەکان دەگۆرن بۆ کەنالی تر یان یارمەتی بەرزکردنەوەی ئـەو هەستی بەرپرسیاریتییە دەدەن کە لـە لایـەن ئـەندامانی کۆمەلـەوە بەرامبـەر بە یـەکتر نیشـاندەدریت لـە کـاتیکدا لایـەنگری‌و پشـتگیری دامـەزراوەکان ناکـەن بـۆ خزمەتکردنی کاری پیچەوانە. ئەو پیوانەیە کـە کەسـی رۆشـنبیر لـیرەدا بـەکاریدینێ لـە کۆمەلناسـیەوە داناریژریت، بەلکو ئەم بە شیوەیەکی سەربەخۆ دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی دان بـە خۆداگرتـن بـۆ تەسـەورکردنی ئـەو ئاراستانەی کە چ شتێ لـە ئـەخلاقی مرۆڤدا باشـەو چـی خراپە. بەلام کۆمەلناسی ئەو زانیارییانە دەخاتـە بـەردەم ئـەو رەخنـەگرەی کـە راسـتەوخۆ توانـای مامەلـەکردنی لەگەل ئەو زانیارییانـەدا هـەبیت. دەشـێ زیـاتر برۆیـن‌و بلیـین ئـەو زانیارییـەی کـە لـە لایـەن کۆمەلناسـەوە پیشکەش دەکریت، بۆ ئەم جۆرە مامەلەکردنە پیویستە. پاشان کۆمەلناسی لـە خۆیدا زانستیکی پیوانـەیی نییـە

کـــه داوای چارەســـەرکردنی پێوانـــەیی ڕاســـتەوخۆی مەســـەلەکان بکـــات ئـــەویش هـــەر لـــە چرکەســـاتی سـەرهەڵدانیانەوە: کـاتێ گوێمـان لـە بـاس و خواسـتی جۆرەکـانی بنیـادی کۆمەڵایـەتی و نـەریتی کۆمەڵایـەتی دەبێـت، دەمانـەوێت ڕاسـتەوخۆ بپرسـین ئایـا کامیـان باشـترەو کامیـان زیـاتر یارمـەتیدەرە بـۆ بەدیـهێنانی ژیانێکی باشتر لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئێمەوە؟

## زانیاریی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی ئەدەبی

با وای دابنێین کە شارەزایان هەندێ شتمان لە بارەی بنیـادی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگای ئینگلـیزی سـەرەتای سەدەی نۆزدەوە پێدەڵێن، ئێمەش ئەوە دەخەینە ڕوو کە کۆمەڵناسی پەیوەندی بە ڕۆشنبیری عیلمانییەوە هەیە. ئێمە مێشکی خۆمان یەکلادەکەینەوە سەبارەت بە بەهاو گرنگێتی ئەو بنیادە کۆمەلایەتیە.

ئایا بە چ شێوەیەك ئەمـە دەخەینـە سـنووری چـەند وتارێکەوە سەبارەت بە ڕەخنەی بینەر یان جەماوەر؟

بێگومـان دەتوانـین بـە ئاسـانی ئـەم زانیارییـە ببەستینەوە بەو پرسیارانەوە ئەویش ئایا بۆچی وەکـو ئامـانجێکی کۆمەڵایـەتی ئەو شێوە ئەدەبییـە لـەم کاتـەدا لەهەر کاتێکی تر زیاتر دەردەکەوێت ئەویش لـە شێوەی

زنجـیره وتــارێکدا. ئێمــه دەتوانــین ڕووناکیــەکی چــاك بخەینە سەر ئیقاع و هەڵبژاردنی بابەتەکانی ئەم وتارانە بەدەستنیشـانکردنی ئـەوەی کــە هــەندێ لــە بەرهەمــە یەکەمیــەکانی ئــەدەب نیشــاندەدەن و هــــەروەها بــــە شـێوەیەکی تایبـەتیش ئاراسـتە دەکرێـن بـۆ ئـەو چینـە ناوەندەی کە دەرکەوتنی لە پلەوپایەو نفوزدا بە شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ هێماکراوە. داخۆ ئێستاش کێ بەبێ بوونی نـــەریتێکی ئەرســـتۆکراتیانە ڕووبــــەڕووی کێشـــــەی وەرگرتنــی ئـــەرکی ئەرســتۆکراتیانە دەبێتـــەوە؟ ئێمــە دەتوانین ئـەو زانیارییانـە بەکاربهێنین کـە مێژوونووسـی کۆمەڵایـەتی لـە تاقیکردنـەوەی هۆیـەکانی خوێندنـەوەدا پێشکەشیدەکات.

کێ لـە نـاو چینەکـەیدا باڵادەست بـووەو کـێ زۆر بـە پەرۆشـەوە وتارەکـانی بینــەری کڕیـوە، ئـەم دەسـتکەوتە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی پڕ بایەخ نیشاندەدات لە نێوان ئـەوەی دەیخوێنینـەوەو ئــەو هۆیــەی کــە لــە پێنــاویدا دەیخوێنینەوە. ئەمانەو خاڵی تری لەم جۆرەش، دەشـێ لـە لایـەن مێژوونووسـی ئەدەبـەوە وەهـا سـەیربکرێن کـە یارمەتیـەکی بـاش بدەن بـۆ پێشکەشکردنی حسابێك لــە بــارەی ئەسـڵ و سروشــتی وتــاری دەوریــی ســەدەی هــەژدەوە. بــەڵام ئایــا ئەمانــە چـۆن یارمــەتی ڕەخنــەگر

دەدەن؟ ئایا ڕەخنەگر دەتوانێت بڵێت لەبەرئەوەی ئەم وتارانە بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی باشیان خستۆتەڕوو، کەواتە وتاری باشن؟ بە ئاشکرا دەشێ ئەمە چارەسەر کردنێکی نەشیاو بێت کە ببێتە هۆی مامەڵەکردنی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەدەبدا وەکو بنەمایەك بۆ گوتارو بۆ هونەری قایلکردنو حوکمدانی گوتار بە لایەنی کەمەوە لە پلەیەکدا بە پێی ئەوەی کە بابەتەکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە شایەنیەتی. ئەم جۆرە ڕوانینە بە دڵنیاییەوە کوخەکەی مام تۆم دەخاتە سەروی هاملێتەوە، هەر هیچ نەبێت لە ڕووی تێڕوانینی ڕەخنەگرانی باکورەوە.

با نموونەیەکی تر وەربگرین و وای دابنێین کە ئێمە بایەخ بە ڕەگو ڕیشەی یان بنەما کۆمەڵایەتیەکانی تیۆری هونەری لە پێناوی هونەردا دەدەین کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بالادەست بوو. لەوانەیە کارێکی گران نەبێت کە ئەم تیۆرییانە ببەستێتەوە بە هەستی نەگونجاوی هونەرمەندەوە، ئەو هەستەی کە بە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا.. لە هەلویستی کۆمەلایەتی بەرهەمهاتووی چینی ناوەندەی بالادەستەوە بەرهەمهاتووە. ئەم تێڕوانینانەش ڕاستییەکان ڕووندەکەنەوەو هیچ قەڵەم بە

دەستێك نییە ئاواتەخوازی ئەوە بێت لە دەرەوەی ئەم ڕاستیانە بێت، ئەم مەسەلانە ئاستی تێگەیشتن بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵام ئایا ئەم بنەمایانە دەشێ لە لایەن ڕەخنەگرانەوە چۆن بەکاربهێنرێن؟

ئەگەر بمانەوێت هونەر بنرخێنین ئەوا دەبێ سەرنجێکی سەرپێیی بدەینە ئەو دامەزراوو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەی کە هونەرمەند تا ئاستێك کەم تا زۆر لە هاوەڵانی خۆی دووردەخاتەوەو لە شوێنێکدا بە جێیدێڵێت کە یان وەکو گاڵەجاڕێکی ڕێگاپێدراو یان کەسێکی سەیری سوکایەتی پێکراو دەردەکەوێت.

ئایا ڕەخنەگر پێویتسە وای دابنێ کە هەر شێوەیەکی نوێی ئەدەبی یان هەر جۆرە شێوازێك کە لە لایەن نووسەرانەوە لەم کاتەدا دەناسرێن وەکو دەرئەنجامێکی ئەو کارکردنەی ئەمجۆرە هۆکارانە دەبێ نکوڵی بکرێت.

وەکو دوا نموونە بیکردنەوە لە هەرەسهێنانی بیروباوەڕی کۆمەڵو بەرەو پێشەوەچوونی بەردەوامی جیهانە تایبەتیەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، ئەم هەرەسهێنانە بە لایەنی کەمەوە وەکو بەشێك لە هۆکارە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان دادەڕێژێتو بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی بێپایانیشی لەسەر تەکنیکە ئەدەبیەکان هەبووە. ئەمەش مانای ئەوەیە لەنێو شتەکانی تردا،

بەرفراوانیەکی نایابی بواری رۆمان هاتۆتە کایەوە لە میانەی ناچاربوونی نووسەرەوە بۆ پشتبەستن بە هەستە دیارەکانی بینین زیاتر لە پشتبەستن بە هەستی کۆمەڵایەتی بەهاکان. ئەمەش کاری لە شیوازو گریچن و زاراوەو بابەتی گەوهەری و هەموو لایەنیکی هونەری رۆمان کردووە، یان بیرکردنەوە لە کیشەی شاعیری هاوچەرخ لە هەولدانیدا بۆ دۆزینەوەی زمانی هیماکان بە مەبەستی دانانیان بە شیوەیەکی گشتی و بەکارهینانی ئەفسانە کە یەکەمجارە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا چیتر پاریزگاری لیناکریت تەنانەت ئەگەر بروای ئەدەبیش بوونی نەبیت.

کۆمەلناسی دەتوانیت یارمەتیمان بدات بۆ بینینی ئەوەی کە بۆچی جیمس جۆیس بەو شیوەیە دەینووسی، بۆچی بەشی هەرە زۆری شیعری هاوچەرخ تەمومژاوییە؟ بەڵام دەبێ کۆمەلناسی چیمان لە بارەی گرنگی شیوازی نووسینی جیمس جۆیسەوە، یان لە بارەی تەمومژاوی بوونی شیعری نویوە پیبلیت؟ داخۆ ئیمە بۆمان هەیە فراوانبوون و بەربڵاوی مەودای رۆمان رەتبکەینەوە لەبەرئەوەی ئەو رەگوریشە کۆمەڵایەتییەی هەیە کە لەسەر هەر ئاستیکی پەسەندی تەندروستی لە کۆمەلگادا دەچەسپینیت و زۆربەی هەرە زۆرمان نکولی

لەو رەگوریشە کۆمەڵایەتییە دەکەین؟ دەتوانریت هەمان جۆرە لیکچواندن لە بواری پزیشکیدا بهینریتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بتوانریت ئەوە نیشانبدریت کە عەبقەرییەتی کیتس کاتێ بەرەو لوتکە چووەو گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی، بەهۆی ئەوەوە بووە کە کیتس لەوکاتەدا بە دەست نەخۆشی سنگەوە نالاندویەتی (دیارە هەولی لەم جۆرەش دراوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نیوان عەبقەریەتی کیتس و نەخۆشیەکەی). ئایا دەبێ ئیمە بگەین بەو ئەنجامە کە شیعری جۆن کیتس خراپن، یان بە ئاراستەیەکی تر پیمانوابیت نەخۆشی سنگ شتیکی باشە؟

## بەها کۆمەڵایەتیەکان و بەها ئەدەبییەکان

وەڵام بۆ دووەم پرسیار کە لەسەرەوە بەرزکرایەوەو دەیگوت: ئایا دەتوانین بە حوکمدانەکانمان لە بارەی جۆرەکانی کۆمەلگاوە بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکان کە لە لایەن ئەو کۆمەلگایانەی بەرهەمدین بگوازینەوە؟ ئایا دەبێ ئەمە ببیتە ئەزموونیکی تیگەتیڤ؟ بە دلنیاییەوە ناتوانین ئەوە بە هیچ ریگایەکی راستەوخۆ یان ئاسان ئەنجام بدەین. بیگومان ئەگەر بروامان وابیت کە هۆیەکەی نابەجێو پەسەند نەکراوە، ئەوا

کاریگەرییەکەی دەبێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە نابەجێو ناپەسەند بێت. پاشان وەڵامیکی ئەرێ بۆ ئەم پرسیارە دەدەینەوە. ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێت لەبەرئەوەی کە کارەساتی لافاو شتێکی خراپە، لەبەرئەوە هەر نموونەیەکی ئازایەتی مرۆڤ کە ئەو لافاوە دروستیدەکات وەکو کاردانەوەیەك دیسان دەبێ شتێکی خراپ بێت. ئەگەر بڕوامان وابێت کە بەهای ئەو هۆیە دەشێ بەبێ گۆڕان بگوازرێتەوە بۆ کاریگەرییەكو هەر بەرەو پێشەوەچوونێکی ئەدەبی کە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەوە سەرهەڵدەدات کە ئێمە نکوڵی دەیکەنو پێویستە خۆی شایەتی ئەو ڕەتکردنەوەیە بێت، پاشان ئێمە ئاراستەیەکی یەك لایەنەی سادەمان هەیە بۆ ژیانو هەموو کێشەکانی ژیانو پێویستمان بەوە نییە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بەها ئەدەبییەکاندا وەکو شتێکی جیاواز لە جۆرەکانی تری بەها بە هیچ شێوەیەك بە خۆمانەوە خەریکبین.

دیارترین جۆری ڕەخنەگری مارکسی کە ئاسایی بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕووناکی دەخاتە سەر شتەکان کاتێ ئاماژە دەکات بۆ هۆیەکان (بۆ نموونە هەلویستی دیفۆ لە ڕۆمانەکانیدا وەها ڕووندەکاتەوە وەکو ئەوەی هەلقوڵاوی بەرژەوەندیە ئابوریيو چینایەتیەکانی بن) هیچ شتێکی

نیــە وەکــو رەخنــەگر بیلیــت، هــەرچۆن هــەندێ کــەس بەرهەمە ئەدەبیەکان لەسەر بنەما ئەدەبیەکان دەنرخینن، بە هەمان شیوە ئەویش بە ئاسانی سەرنجی خۆی دەداتە هـۆی کۆمەلاَیـەتی بـۆ هەلسـەنگاندنی کاریگەرییەکــەی. بەمجۆرە بروابوون بەوەی کە هەلومەرجە کۆمەلاَیەتیەکان یارمـەتی بەرهەمهینانی هەلویستی ئیستاتیکی داوە، بـە واتەیـەکی تـر خراپـی بارودۆخی جیمس جۆیـس دەشـی ببیتە هۆ بۆ ئەوەی کە وای دابنیت (یۆلۆسیس) بەوپییە بەرهەمیکی ناپەسەندە. بە هەمان شیوە ئەو بەرهەمەی لە بـارودۆخیکی کۆمەلاَیـەتی پەسـەنددا دەردەکـەویت یـان ئەو بەرهەمـەی لـە هەلویسـتیکی کۆمەلاَیـەتی پەسـەنددا دەردەکەویت دەشیَ بەرهەمیکی باش بیت.

زۆر لـە غـەیرە مارکسـیەکان لەوانەیـە ئـەوە پەسـەند بکەن کە هۆکارە کۆمەلاَیەتیەکان کـە یارمـەتی جۆیسیان داوە بـەو ریگایـە بروانیتــە ژیــان کــە روانیویــەتی ئــەو فاکتەرانەن کـە حەزدەکـەین بـە لایانـەوە بنیـین، بـەلاَم لـە هـەمان کـاتدا دەشـیَ ئـەو بایـەخ و بـەها ئەدەبیـە پـەی پـی ببـەین کـە تیـایدا ئـەم هۆکـارە کۆمەلاَیەتیانـە جۆیسـیان بـەرەو ئـەوە بـردووە. ئـەو رەخنەگرانـەی کـە لـە هـەموو ئـەوانی تـر جیدتـرن و خۆیشـیان بـە لیپرســراو دەزانــن ریگایــەکی پەیوەســـت بـــە شـــیکردنەوەی میژوویـــان

دۆزییەوە بۆ بینینیکی پیوانەیی بەرهەمە ئەدەبیەکان وەکو ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە کە تیایدا جۆرج لۆکاش روونیدەکاتەوە.

ئەگەر بروامان بە رەخنەی ئەدەبی هەبیت بە شیوەیەکی گشتیو وەکو شتیکی سەربەخۆ لە میژووی ئەدەبو لە لیکدانەوەو وەسفکردنی بە تەنیا سەیری بکەین، ئەوا پیویستە بروامان بەوە بیت کە چەند پیوانەیەکی بەرزو پەسەند هەن کە سروشتی ئەدەب لەوانەوە دادەرژیرین. ئیمە دەزانین کامە میزیکی باشە. کامە رادیۆیەکی باشە، یان کامە پارچە نانیکی باشە، ئیستا دەشێ ئەوە رەچاو بکەین کە چۆن پیشەوەریکی تەنها بە شانازیکردنیکەوە بە شارەزایی خۆیەوە کاردەکاتو دەتوانیت میزیکی چاکتر دروستبکات لە چاو ئەو پیاوەی کە لە کارگەیەکی بەکۆمەلدا کاردەکات. دەشێ ئیمە ئەم جۆرە حوکمدانە بکەین چونکە دەزانین چیمان لە میزیك دەویتو لە پشکنینیشدا ئەوە ئاشکرا دەکەین میزیك کە لە ژیر سایەی بارودۆخەکانی پیشتردا دروستکراوە میزیکی باشترە، بە پیی بیروورای ئیمە لەو بارەیەوە کە پیویستە میزەکە چی بیت، لە چاو ئەوەی لە سایەی بارودۆخی دووەمدا دروسبکرایە. دەشێ ئیمە بەردەوام بین لە نیشاندانی ئەوەی بۆچی بەرهەمهینانی

دەستەجەمی خاسیتیکی شارستانی  هاوچەرخەو بۆچی لە رووی ئابورییەوە  یان کۆمەڵایەتیەوە بۆ ئیمە ناشیت ئەمرۆ میزی خۆمان هەبیت کە لە لایەن وەستایەکی تاکەوە دروستکرابیت. دەشێ بە مەبەستی روونکردنەوەی بارودۆخەکان کە لە سایەیاندا میزی چاكو خراپ دروستدەکریت ئەوە بلیین، بەڵام ئەم روونکردنەوەیە تەنیا بۆ تیگەیاندن دەکریت چونکە ئیمە بە پیوانەیەکی سەربەخۆ ئەوەی کە میزی باش چییە دەستمانپیکرد ناتوانین بلیین کە خراپیتی میزەکە لە بوونی خۆیدا پیکدیت لە بەرهەمی دەستەجەمیدا. ئیمە دەتوانین بلیین (ئەگەر ئەوە بیت کە بروامان پیی هەیە ئەوە شتیکی خراپە لەبەر نەخشە دارشتنەکەیو شیوەو قەبارەو دیکۆرەکەی) یان  هەندێ لە خاسیتەکانی وەکو میزیکی لەمجۆرە نەك ئەو جۆرەی تریان.

زیادکردنی زانیاری نوێ کە ئەم جۆرە خراپییە خستنەروویەکە بۆ بەرهەمهینان کاتێ میزەکان لەژیر سایەی بارودۆخیکی هاوچەرخی مانیفاکتۆردا دروستدەکرین. ئیمە نەچووینەتە دەرەوەی  تیۆرییەکانی خۆمانەوە لە بارەی میزەکانەوە بە مەبەستی ئاشکراکردنی ئەوەی کە میزی خراپ کامەیە، بەلکو ئیمە چووینەتە دەرەوەی ئەو تیۆرییەی خۆمان لە بارەی میزەوە

بــە مەبەســتی رونکردنــەوەی بــە لایــەنی کەمــەوە، نیمچــە روونکردنەوەیـەك لـە بارەی ئـەوەی کـە ئـەم مـیزە چـۆن بـەم شیوەیە گەیشتۆتە حالەتیك کە بە خراپ دابنریت.

رەخنەگری میزەکان کە راستەوخۆ وا سەیری میزەکە دەکـەن بەوەی کـە شتیکی خـراپ بیت کاتـێ وتیـان ئـەم میزە لـە سایەی ئـەو بارودۆخانـەدا دروست دەکریت کـە ئەم هەرکام لەو هۆکارانە رەتدەکاتـەوە کـە ئـەم وەکـو مـیز لــە ســایەیدا خــراپ نییــە بــەلکو وەکــو بەرهــەمیکی کۆمەلأیـەتی خراپـە –ئـەم میزە بـە شـیوەیەکی شـیاو لـە لایـەن ئـەو بارودۆخانـەوە دروسـتدەکریت کـە لــە رووی کۆمەلأیەتیەوە ناپاسەندن– هەروەك ئەو میزە وەها حوکم نـادریت بەسـەریدا کـە بـە هیـچ شـیوەیەك مـیز بیـت، یـان ئەگـەر بـە راسـتی ئـەو رەخنــەگرە بـیری کـردەوە کـە ئـەو میزیکە وەکو میز. تەنیا مارکسیەکان نین کە کەوتوونەتە سنووری ئەم یان ئەو پۆلینانەوە. رەخنەی هونەری جۆن روسکین بەردەوام دەکەویتـە حالـەتی سەرلیشیوانی ئـەو کەســـەوە کـــە هەســـتیارە بەرامبـــەر بـــە بـــەها ئیسـتاتیکییەکان و بـەمجۆرەش بـەردەوام سـوور دەبیـت لەسـەر ئـەوەی کـە هونـەری چاك تـەنیا ئـەو هونەرەیـە کـە لەلایـــەن بارودۆخـــە کۆمەلأیـــەتیو ئەخلاقییـــە پەسـەندەکانەوە بەرهــەمدیت. ئــەم خالــەش دەشــێ بــە

لیکچوونیکی تر روونبکریتەوە، لە ساڵانی دوای ئەوەدا کە هیتلەر بوو بە سەرکردەی سیاسی ئەڵەمانیا، زۆر خەلك لە ئەمەریکاو شوینەکانی تر رەفزی ئەوەیان کرد بۆ نموونە شەرابی (راین) بکرن چونکە نەیانووسیت پشتگیری ئابوری رژیمیك بکەن کە رقیان لیی بوو. ئەوانە رەفزی کرینی شەرابیان لە ئەلمانیا کرد چونکە بە شیوەیەکی گشتی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسیەیان رەتدەکردەوە کە لەو کاتەدا لە ئەلمانیا باڵادەست بوو. بەڵام ئەو کەسانە هیشتا پەرۆشی شەرابی (راین) بوونو ژمارەیەکی کەمیشیان بروایان وابو "لیفرامیخ" کە لە سایەی دەسەڵاتی هیتلەردا بەرهەمهاتووە خراپترە لەچاو ئەوەی کە لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ڤایمەردا بەرهەمهاتووە.

شتیکی راستە کە ئەمە لیکچوونیکی زۆر ورد نییە چونکە بەرهەمی هونەری ئەدەبی ئاسایی ئاسەواری ئەسلە کۆمەڵایەتیەکەی لەسەر دیار دەبیت لە بابەتو دارشتنەکەیدا بە ریگایەك کە میزیك یان بوتلە شەرابیك بەو جۆرە تەحەمولی دەرکەوتنی ئەو ئاسەوارە ناکەن. ئیمە ئاساییو لە راستیدا داوای پشتگیری میژوونووسی کۆمەڵایەتیی دەکەین بۆ ئەوەی بۆمان روونبکاتەوە کە لە راستیدا بەرهەمی هونەری چییە، وەك تیبینیمان کردووە لە گفتوگۆکردنی پەیوەندی بوونەوە بە رەخنەی تویژەرە

میژووییەکانەوە. پیش ئەوەی ئیمە بتوانین هەر شتیك هەلسەنگینین، پیویستە بزانین بە راستی ئەو شتە چییە، ئەوەش یەکیکە لە پەیوەستەکانی نیوان میژوو رەخنەو نیوان ئەسڵو ریبازی هەلسەنگاندن. هەندێ جار (ئەگەر چی هەمیشەش بەبێ هۆکارە) ئەگەر ببینین چۆن شتێ گەیشتۆتە ئاستی بوون ئەوا ئیمە لە باریکی باشتردایین بۆ هەلسەنگاندنی ئەوەی کە لە راستیدا ئەو شتە چییەو ئەوەش بۆ هەلسەنگاندن دەکریت دەبێ بزانریت چییە. داخۆ وینەکیشان بە مەبەستی ئەوەیە کە لە گەلەرییەکدا هەلبواسریت یان بۆ رازاندنەوەی دیوارەکانی کەنیسەیەکی تایبەتە؟ ئایا لیریك بە مەبەستی ئەوەیە بە گۆرانی لەگەڵ عوددا بگوتریت یان بە دەنگی بەرز بخوینریتەوە یان لە تویژینەوەدا تیرامان بەرهەمبینیت؟ ئایا گەشتەکانی گالیڤەر چیرۆکی سەرکیشی مندالیکە یان داشۆرینی سەرجەم مرۆڤایەتییە؟

ئەگەر یەکەمین ئامانجی رەخنەگر سەرنجدانی بەرهەمە ئەدەبییەکە بیت وەکو ئەوەی لە راستیدا خۆی هەیە، ئەوا کۆمەلناسیش هەمان شیوەی میژوونووس دەتوانیت لەو بوارەدا یارمەتی رەخنەگر بدات. بەلام ئەگەر جاریك بینی ئەدەب چییە، ئەوا پیویستە پیوانەیەك دابنێ کە گونجاو بیت بۆ سروشتی ئەوەی کە دەیبینێ.

## ئەركی وەسفی رەخنەی كۆمەڵناسی

رەخنەی كۆمەلناسیانە دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ دووركەوتنەوە لە هەڵەكردن سەبارەت بە سروشتی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی كە پیش خۆمان هەمانە ئەویش بە رووناكی خستنە سەر وەزیفەكەی یان ئەو نەریتانەی لەگەڵ سەرچاوەكاندا كە بە هۆیانەوە هەندێ لایەنی دیاركراوی بەرهەمەكە دەگەنە ئاستی لیتیگەیشتن. هەروەها وەزیفەیەكی وەسفی گرنگ هەیەو، وەكو وەسفیكی وردەكارییانە پیوستە هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە بكات كە ئەوەش دەشێ ناوببریت بە خزمەتكەری رەخنەو ئەوەش ئاسایی گرنگترین خزمەتكەر دەبیت. ئەگەر ترۆلیۆس و كریسایدی) چۆسەرمان بە زانیاری نەریتی خۆشەویستییەكی (عوزری) خویندەوە ئەوا لەبەر رووناكی ئەو خویندنەوەیەدا زۆر لە كارەكەی بەرەو پیشەوە دەبریت، ئیمە دەتوانین زۆر بە ئاشكرایانە بەرهەمەكە ببینین، ئەوكاتەش باشتر دەزانین كە لە چی دەدویین و دەتوانین دەستبكەین بە هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە بە هەموو بروایەكەوە.

## ڕوونکردنەوەی کۆمەڵناسیانەی خاسیەتەکانی سەردەمیک

بەڵام ڕەخنەی کۆمەڵناسی لەوانەیە ئەرکیکی گرنگی لەوە زیاتری هەبیت، ئەم ڕەخنەیە دەتوانیت بە شیوەیەکی بەربڵاو زانیاری پیشکەشبکات بە یارمەتیدانی خوینەر بۆ ئەوەی ببینیت بۆچی هەندێ لە هەڵەکان یان کەموکورتیەکان خاسیتی بەرهەمەکانی سەردەمیکی دیاریکراون و دەتوانن تەنانەت یارمەتی ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەم جۆرە کەموکورتیانە بدەن، سەرباری ئەوەی کە دۆزینەوەی ئەدەبی کاتێ کە دەوتریت ئەمانە هەڵەن دەگاتە ئەنجام بە گەڕانەوە بۆ ئاستە ئەدەبیە ڕووتەکان. کەسیك پەنا ناباتە بەر میژوونووسی کۆمەڵایەتی تا بۆی ئاشکرا بکات کە جۆرە دیارەکانی سۆزو عاتیفەی -وەکو ئەوەی کە کۆتایی هاتنی "وەزیرە بچکۆلەکەی" یاری ناشیرین دەکات- هەڵەیەکی ئەدەبی نیشاندەدات، میژوونووسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەشدا کە بە سەرنجراکیشانی ئیمە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی سۆزو عاتیفە گرنگی دەدات، دەتوانیت یارمەتیشمان بدات بۆ تیگەیشتنیکی قولتری ئەوەی کە سۆزو عاتیفە لە زانستیدا چییە. ئەگەر ئیمە بە

هـۆی جیـاوازی لـە تۆنـی بەشـی یەکـەمی رۆمانسـی "گوڵ"ەوە کـە گیـو لام دیـو لۆریـس نووسـیویەتی‌و ژان دیومیون دریژەی پیداوە تووشی جۆریك لە سەرلیشیوان بووین، ئـەوا میژوونووسـی کۆمەلایـەتی دەتوانیـت یارمەتیمان بدات بەنیشاندانی تۆنی بەشی یەکەم وەکو خاسیتی چینیکی کۆمەلایەتی دیاریکراو لە سەردەمیکی دیاریکراوداو ئەوەش لە بەشی دووەمدا وەکو دارشتن لـە نووسـەریکەوە کە شیوەی بیرکردنـەوەی تا مەودایـەك لـە لایـەن نەریتـە عەقلییـەکانی چینیکـی نـوێ‌و تـازە دەرکـەوتووەو گونجینـراوە. ئەمـەش یارمـەتی دەدات بـۆ روونکردنـەوەی ئەو حالـەتەی کە لەم بەرهەمـەدا بـەردەوام بووەو لە بەرامبەریشدا یارمەتیمان دەدات بۆ سەرنجدانی بـە شـیوەیەکی زۆر ئاشـکرا. رەخنەگرەکـە تیبینـی خاسـیتیك دەکـات (وەکـو هەلـە یـان وەکـو فەزیلـەت یـان بەبێ لایەن) میژوونووسە کۆمەلایەتیەکە هـەمان شـیوەی دەرونشیکار دەتوانیت یارمەتی بدات بۆ روونکردنـەوەی ئەوەی کە بۆچی ئەم خاسیتە تایبەتیە لـەو نووسـەرەدا دەبینریت.

## ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە کارکردندا

تویژینەوەکانی زەمینەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دانەرو کاریگەری ئەو زەمینەیە لەسەر ئەو بەرهەمە پیویستی بە هەندێ دریژەپیدان هەیە، لەو رووەوە کە یەکەم شت خەریکی وەسفکردنی ئەو زەمینە دەبن‌و پاشان تویژینەوەی بەرهەمەکانی تاکە کەسیك دەکەن بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەسفکردنە هەروەك ئەوە کاریکی ئاسان نییە کە عەدالەت بۆ ئەم دەروازە ڕەخنەییە لە وەرگرتنیکی جوانی کورتدا ئەنجام بدریت. جیهانی دیکنز کە لە خانەی هامفەری بڵاوکراوەتەوە، نموونەیەکی سەرنجراکیشی ڕەخنەی کۆمەڵناسییە کە خالەکانی خۆی بە ئالوگۆرکردن لە نیوان ئەو بەشانەدا دروست دەکات کە گرنگی دەدەن بە دیمەنە میژووییە گۆڕاوەکان لە سەردەمی دیکنزداو روونکردنەوەکانی کاردانەوەی ئەم دیمەنی گۆڕانکارییە لە ڕۆمانەکانی دیکنزدا ئەم دەربرینەی دانەر سەبارەت بە ئامانجەکەی بە ئاشکرا نیشانیدەدات کە ئەم جۆرە لیکۆلینەوەیە مەبەستی ئەوەیە چی بەدی بهینریت.

ئەم کتیبە هەولدەدات بۆ دەرخستنی ریگایەکی ئاسان‌و فراوانی پەیوەستبوونی نیوان ئەوەی دیکنز

نووســـيويەتی لەگـــەڵ ئـــەو ســـەردەمانەدا کـــە ئـــەو بەرهەمەکانی تیدا نووسیوه، له نیوان چاکسازی خۆیو هەندێ لەو شتانەدا کە ویستوویەتی چاکیان بکات، لە نیوان هەلویست بەرامبـەر بـە ژیـان کـە لـە کتیبـەکانیدا نیشاندراوە لەگەڵ ئەو کۆمەلەدا کە ئەو تیایدا ژیاوە. ئەم کتیبە پەیوەندییەکی پتەوی بە راستییەکانەوە هەیە کە لـە ریگـای وەرگرتنـی چـەندین برگـەوە لـە سـەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە رووندەکرینەوەو له ریگای ئەم جۆرە دریـژە پیدانـە هەمەلایەنەوەیـە کـە ژینگـەی نووسـەریك دەشـێ ببیـنریتو تیگەیشـتن لـە ئامانجـەکانی بگاتـە ئەنجام. تـەنیا زمـانی وردی هاچـەرخان دەشـێ تۆنیکـی راسـتەقینەی هـەبیتو زاری تایبـەتی پیویسـتی بـە بەلاوەنان هەیە. بە گویرەی دانەریك کە بە شیوەیەکی هەمـەرەنگو ئـالۆز بەرهەمـەکانی خـەیالی خـۆی دەبەستیتەوە بـە میـژووی سـەردەمەکەی خۆیـەوە ئـەوە دەشـێ بـە چاکـترین شـیوە لـە روانگـەی ئـەوانی تـرەوە پەیوەست بەو رووداوانەی کـە لییانـەوە دەستپیکردووە ببینریت.

## لەگەڵ کام جۆرە بەرهەمدا

## رەخنەی کۆمەڵناسیانە زۆر یارمەتیدەرە؟

دەشـــێ گفتوگـــۆی ئـــەوە بکریـــت کـــە رەخنـــەی کۆمەڵناسـیانە بـە شـیوەیەکی هیجگـار بەسـوود پیـادە دەکریت بەسەر جۆرە تایبەتـەکانی بەرهـەمی پەخشـانیدا بەڵام بۆ شیعری لیریك سوودیکی ئەوتۆی نییە. رۆمان کە رەگـەزیکی پەخشـانییە لـە ئەدەبی ئینگلیزیدا هـەتا ئـەم ماوە نزیکانەی دوایی بە شیوەیەکی بەربڵاو ئامرازیکی گشتی بووەو لـە شیوەی ماناکـەیدا، پەیوەست بووە بـە ریککـەوتنی نیوان نووسـەرو جەماوەرەکەیـەوە سـەبارەت بـە گرنگیتـی چـالاکی مـرۆڤ و سروشـتی ئـەخلاق. لـە کاتیکدا کە شاعیری لیریك مەیلی بەلای پەیوەندیکردنی بینینیکـی زیـاتر تایبەتمـەندی راسـتیدا هەیـە. رۆبنسـن کرۆزۆ لە دوورگەکەیدا لە کاری دۆزینەوەی تەنیا خۆیدا، هـەولی ئاشـکراکردنی تەنیایەتیەکـەی خۆیـی نـەدەدا لـە ریگای بیرکردنەوەو تیرامانەوە لە پەیوەندی نیوان تاك و گـــەردووندا. بـــەلکو ئـــەرکی ئـــەو بـــۆ دیســـانەوە ئەفراندنـــەوەیی هـــەر هیـــچ نـــەبیت. چوارچیـــوەی ئـــەو شارستانیتەیە لـەو تەنیاییـە دوورەدا کـە پیشـتر لـە دوای خۆی بەجییهیشتبوو.

ڕۆمانی ئینگلیزی پشتی بەستووە بە کۆمەڵو بە تیکەوتنی جەماوەر سەبارەت بەوەی لەنیو وردەکاری جۆراوجۆری ژیانی ڕۆژانەدا هەیەو ئەوەش شایانی ئەوەبوو وەکو شتیکی پڕ بایەخ هەلیبژیریت. ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بووە کە پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان – خۆشەویستیو ژنو میردایەتیو شەرو سەوداگەریو دەستکەوتن یان لە دەستچوونی پارە یان پایەی کۆمەلایەتی بخاتەروو، بیگومان تۆ دەتوانیت ڕەخنە لە کۆمەڵ بگریت، بەلام دەتوانیت ئەو ڕەخنەیە بگریت بە نیشاندانی ئەوەی کە چۆن نەریتی کۆمەلایەتی لە ڕاستیدا نەبووە بە هۆی لایەنگیری کردنی گشتی ئەو ڕەفتارە پیادەکراوەی کە ئەو دانی پیدانراوە بۆ وزەپیدانی. تۆ دەتوانیت پەیوەندی نیوان لەخۆوەیەتی هەستو نەرتیی کۆمەلایەتی ئاشکرا بکەیت بەو جۆرەی جەین ئۆستن کردوویەتی یان پەیوەندی نیوان پایەی کۆمەلایەتیو ئەخلاق ئاشکرا بکەیت وەکو ئەوەی کە (ساکەری) کردوویەتی، یان کاریگەری کۆمەلگای پیشەسازی لەسەر کەسیتی تایەبتی ئاشکرا بکەیت وەکو ئەوەی دیکنز کردوویەتی، یان نویژینەوەی شیانەکانی مەعریفەی تایبەتیو دەنگی ناوەوە بکەیت لە سیقایکی کۆمەلایەتیو لە کارکردندا وەکو ئەوەی جۆرج

ئیللیـەت کردوویـەتی. بـەڵام لـە هەریەکـە لـەم حاڵەتانـەدا دەبێ گریچـن بخریتـەروو بـەهۆی هیمـا گشـتییەکانەوە. لەهـەر حاڵـەتیکدا کـە کۆمـەڵ ئامادەیـە بـۆ ئـەوەی بـەهیز وەربیگریـتو وەکـو راستییەکی بنچینـەیی سـەبارەت بـە ژیانی مرۆڤ پەسەند بکریت تەنانـەت ئەگـەر ئـەو دانـەرە هیواخوازی ئەوە بیت هیرش بکاتە سەری یان بیگۆریت. رۆمـانی سـەدەی هـەژدەو نـۆزدە دیسـان زەمینـەی راوکردنـی خۆشـیەکی تایبەتیـە بـۆ رەخنـەگری کۆمەلناسیو خویندکاریش دەشێ لە خۆی بپرسیت کام پرسیارە کۆمەڵایەتیانە بە شیوەیەکی سودبەخش دەشێ وەکو نموونە لە بارەی رۆمانەکانی ریچارد سۆنو جەین ئۆسـتنو دیکـنزو سـاکەریو جـۆرج ئیللیەتـەوە بەرزبکرینـەوە. بـەڵام بـە گویـرەی رۆماننووسـیکی وەکـو ئیمللـی برۆنتـێ کـە بـە خـەیالیکی شـاعیرانەوە کـاریکردووە، ریبـازی رەخنـەی کۆمەلناسـیانە لەوانەیـە سوودیکی ئەوتۆی نەبیت. بە هەمان شیوە لەگەڵ رۆمانی سەدەی بیستدا، لەوانەیە بە شیوەیەکی پر سوود بتوانین پرسـیارە کۆمەلناسـیەکان سـەبارەت بـە ویلـزو گالسۆرسـیو دۆزپاسـۆزو تەنانـەت فۆکنـەریش (کـە سەرباری ئەوەی بە ریگای تایـەبتی خۆی وەك شاعیریك کاردەکـات) بەرزبکەینـەوە. بـەڵام سـەبارەت بـە

ڤیرجیتــاوڵف و دی. ئــەیچ. لۆرانــس و هەمــەنگوای مەسەلەکە بە چ شیوەیەکە؟ هەمەنگوای سەرباری ئەوەی بە شیوەیەکی ئاشکرا لە مرۆڤ دەدویت لەناو کۆمەلدا، ئەو لە باشترین رۆمانەکانیدا ئەفسانەی پالەوانیتی بینا دەکات کە بە شیوەیەکی گەوهەری لە هەستیارییەکی شاعیرانەوە دایدەریژیت.

رەگوریشــەی کۆمەلاّیــەتی لۆرانــس دەشــێ بــە شیوەیەکی سوودبەخش تویژینەوە بکریت لە لایەن ئەوانــەوە کــە بایــەخ بــە دەرونزانیەکــەی دەدەن، بــەلاّم پەیوەستبوونی ئەم جۆرە تویژینەوەیە بۆ تیگەیشتن لەو ریگایەی کە تیایدا خەیال لە رۆمانەکانیدا کاردەکات بە دلنیاییەوە گوماناوییە، ئەمانە ئەو جیاوازییانەن کە خوینەر بە چاکی ئەنجامیان دەدات بۆ بیرلیکردنەوەی لەهەر دەرئەنجامیک کە دەشێ پیی بگات.

لە لایەکی ترەوە ریبازی رەخنەی کۆمەلناسیانە هینراوەتە بواری قسەکردنەوە لەسەر شیعر، ئەمەش تەنیا لە لایەن مارکسیەکانەوە نا (کە هەولدەدەن بۆ روونکردنــــەوەی بەرهەمــــەکانی ئــــەدەب بــــە پەیوەســــتکردنەوەیان بــــە رەگوریشــــەیانەوە لــــە وەلاّمدانەوەی تاکەکەسدا بۆ بارودۆخی ئەو چینەی کە خۆی لە ریزی ئەودا دەبینیتەوە). بەلکو لە لایەن

رەخنــەگریکی وەکــو ئیــف. دەبلیــو. باتســۆنەوە لــە کتێبەکـەیدا بـەناوی: شـیعری ئینگلـیزی ناسـاندنیکی رەخنەییانــە، ســالی (١٩٥٠) ئــەو کتێبــە دە بەشــیەی سانســۆن بریتییــە لــە گفتوگۆکردنــی "لاواندنەوەکــەی گرەی‌دا کە بە توندی لە ریبازەکەیدا دژی هەولی کلنیس برۆکســە لـە شـیکردنەوەی قەسـیدەی "بـۆری کـانزایی پەسەند"دا باستۆن لەو راستییەوە دەست پیدەکات کە ئەم "لاواندانـەوە"یـە لـە دوو بەشـی بەدوایـەکدا هـاتوو هۆنراوەتـەوەو بەشــی دووەمیــان کــە (پیکدیــت لــە دوا پەنجاو شەش دیر) ئەمەش لە خوار بەشی یەکەمەوەیە. باتسۆن گفتوگۆی دووەم بەشی ئەم لاواندنەوەیە دەکات بەوەی کە هەولیکی سەرکەوتووە بۆ ناتایبەتمەندکردنی (ناکەسیتیکردنی) لاواندنەوە دوای بەشیکی درەوشاوەی دەقەکە کە ئەویش بەشی یەکەمەو ناکۆکی‌و ناتـەبایی لـە نیـوان ژیـانی سروشـتی زۆربـەی ئاژەلـەکانی گوندەکـەو ژیانی بیهودەی دەستکردی خۆ بەگەورەزانی "گرەی" لە سـالی ١٧٤٢ نیشـاندەدات (کـە بیـهاوریی‌و وابەسـتەیە) "گرەی" لـە سـالی ١٧٤١ تاوانبـار دەکریـت پیش مردنـی تاکە هاوری خۆشەویستەکەی واتە ریچارد ویست.

دوای شـیکردنەوەیەکی پـر بایـەخی ئەو ریگایـەی کـە تیـایدا وینـە هیمایـیەکان لە شیعردا کاردەکەن، باسـتۆن

دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە: لاواندنەوەکە سەرباری هەموو شەکانی تریش ئەوەیە کە شتێکی پەیوەستبووە بە کاتەوە.

لاواندنـــەوە بەلگەیـــەك یـــان بیانوویـــەك بـــوو بـــۆ هەلوەشـــــاندنەوەی نـــــاوەندبوون و داواکردنـــــــەوەی فەرمانرەوایـــەتی چینـــی بـــە شارســـتانی بـــوو بـــۆ رەگوریشەکانی لە کۆمەلگایـەکی لادێییدا کـە وەستابێتە سەر دەسەلاتێکی توندی خەیری کۆشکی دەسەلات.

باستۆن میژووی شیعری ئینگلیزی دابەش دەکات بۆ شەش قوتابخانەو یەك لە دوای یەك کە بریتین لـە ئەنگلۆ فەرەنسـی، چۆسـەر، رابوونـەوەو ئۆگۆسـتی، رۆمانسـی و نوێ و شەش ریکخستنی کۆمەلایـەتی یـەك لـە دوای یـەك جیادەکاتـەوە کـە ئـەو قوتابخانـە شـیعریانە لـە گـەلیاندا دەگونجیـن کـە ئـەو قۆناغانـەی ریکخسـتنیش برتـین لـە دەرەبەگایەتی پاریزەران، دیموکراسی ناوخۆی یۆمانری، دەســەلاتی نــاوەندیتی رەهــای خزمــەتگوزارانی مــیر، ئۆلیگارشی خاوەن بەرژەوەندییانی زەوی، دەولەمەندانی خــاوەن کــارو دەولــەتی ریبــەریتی. پاشــان باســتۆن دەستدەکات بـە پەیوەسـتکردنی شـیعری دیـاریکراو بـە ریکخسـتنی کۆمەلایــەتی ســەردەمەکانیانەوەو نیشــانی دەدات کـە چـۆن هەلویسـت، وینـە، بـاری عـەقلی لەهـەر حالەتیکدا دەگەرینرینەوە بۆ وەلامدانەوەی شاعیر بۆ ئەو جیهانە کۆمەلایەتییەی کە ئەم بەشیك بووە لیی.

## رەخنەی ئەدەبیو دەروونزانی

لە لیکدانەوەی سروشتی هەر بەرهەمیکی ئەدەبیدا، رەخنەگر ئاسایی بەرەو بواری دەرونزانی رادەکیشریت بۆ قسەکردن سەبارەت بە باری عەقلی (یان میشکی) کە داهینانی ئەدەبی لەو سەرچاوەوە دیتە بەرهەم.

## چۆن دەرونزانی دیتە بواری رەخنەسازییەوە؟

دەرونزانی بەدوو ریگا دیتە بواری رەخنەسازییەوە، لەم تویژینەوەیەدا سەرنجی کاری داهینان دەدریت ئەویش لە روانگەی لیکۆلینەوەی دەرونزانیانەی نووسەرە تایبەتەکانەوە بە مەبەستی نیشاندانی پەیوەندی نیوان هەلویستەکانو باری میشکیانو خاسیتە تایبەتەکانی بەرهەمەکانیان. لە پلەی یەکەمداو زۆر بە گشتی بەکارهینانی دەرونزانی لە رەخنەسازیدا زۆر کۆنترو زۆر بەربلاوترە لەوەی بە رووکەش لیی بروانیت.

هەندێ لە رەخنەگران کە بە ژمارە کەمن لە تویژینەوەی ئەدەبی خەیاڵ ئامیردا دوورتر رۆیشتوون وەکو ئەنجامدانی چالاکی بەبێ پیوست بوونی لیکۆلینەوەی هۆکارە دەرونیەکان. ئەو رەخنەگرانەی

ئەدەب، ئەدەب وا سەیردەکەن کە زنجیرەیەك بەرهەم بیت نەك وەکو ئەوەی کە چالاکی یان بەرهەمی چالاکی بن لە لایەن بەرهەمهینەرانی ئەو بەرهەمانەوە. لەم حالەتەشدا بیگومان رەخەگر بە ئاشکرا بەرەو لای دەرونزانی ناروات یان راناکیشریت. ئەرستۆ کەمتر بایەخ بەوە دەدات کە پیاوان چۆن تراژیدیا دەنووسن لەچاو ئەو بایەخەی بە خودی تراژیدیای دەدات لەو روانگەیەوە کە بایەخ بەوە دەدات تراژیدیا چییە؟ بەڵام ئەفلاتون لە (ئایۆن)ەکەیدا بە جۆریك لیکدانەوەی یان حسابکردنی دەرونزانیانە بۆ داهینانی ئەدەبی پیشکەش دەکات. رەخنەگرانی رۆمانسی بە تایەبتی بایەخ بەم لایەنەی رەخنەسازی دەدەن واتە لایەنی دەرونی.

ئەم لایەنەش سەر بە رەخنەی وەسفیە نەك سەر بە رەخنەی هیچ ئاستیکی تویژینەوەی دەرونزانیانە. ئەوەی بە گشتی سەبارەت بە پرۆسەی داهینان بیت یان لە بارەی کیشەکانی نووسەرەوە بیت واتە نووسەر وەکو تاکەکەس ئەوە دەتوانیت پیمان بلیت ئایا بەرهەمەکە باشە یان خراپە، سەرباری ئەوەی کە تویژینەوەی دەرونزانیانەی نووسەر وەکو تاکەکەس هەندێ جار دەتوانیت یارمەتیمان بدات بۆ بینینی ئەوەی کە بۆچی ئەم نووسەرانە خاسیتیدیاری کەسیتەکان لە

بەرهەمەكانیاندا خستۆتەروو. (ئەم خاسیتانە ئەگەرچی باش بن یان خراپ ئەوا تەنیا دەتوانریت لەسەر بنەمای تیۆریكی تەواوی بەهای ئەدەبی بریار بدرین كە بە شیوەیەكی گونجاو بخرینە ناو ئەو بەرهەمانەی كە پەیوەندییان پییانەوە هەیە).

## وردزۆرس وەكو رەخنەگریكی دەرونزانی

بەكارهینانی دەرونزانی لە رەخنەسازیدا وەكو بەكارهینانی كۆمەلزانیو رەگەززانی وایەو یارمەتیمان دەدات بۆ روونكردنەوەی ئەوەی كە چۆن ئەدەب لەدایك دەبیت، بە شیوەیەكی سروشتی مەرجەكانی ئەسلی هونەریك پەیوەندییەكی راستەوخۆ یان بە سروشتی بەرهەمەكەوە هەیە. بۆ زۆر لە رەخنەگران دەشێ پیناسەی تەواوی ئەدەب تەنیا بە پیشكەش كردنی حسابكردنی بنەما دەرونزانیەكان بخریتەروو. بەم جۆرە دەبینین وردزۆرس لە پیشەكیەكەیدا بۆ چاپی سالی ١٨٠٠ی (بالادە لیریكەكان) بەدواداچوونی خۆی دەستپیدەكات بە ئاراستەی سروشتی شیعر ئەویش بە پرسیاركردنی ئەوەی كە چۆن شاعیر كاردەكات.

بە دیاریكردنی بابەتەكەو پاشان لەسەر زەمینە گشتییەكان با بپرسم: مەبەست لە وشەی شاعیر چییە؟

ئەی شاعیر چییە؟ شاعیر خۆی بۆ کێ ئاراستە یان (تەرخان) دەکات؟ چ جۆرە زمانیکی لی چاوەروان دەکریت؟ شاعیر کەسیکە قسە بۆ کەسانی تر دەکات: لە راستیدا کەسیکە هەستیارییەکی هیجگار زیندووی هەیە. زۆر حەساس و سۆزدارە، زانیارییەکی چری هەیە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوەو گیانیکی زۆر مەودا قولی هەیە بۆ تیگەیشتن.

پاشان وردزۆرس لە وتارەکەیدا هەولدەدات بۆ گونجاندنی روانینی خۆی لەسەر ئەو بنەمایەی کە شیعر پیویستە بە زمانی راستەقینەی مرۆڤ بنووسریت. زمانیك کە کیش و سەروای هەبیت. وردزۆرس جاریکی تر بەرەو وەسفکردنیکی کاری داهینانی شیعری دەچیت و لەو میانەشدا وەکو دەروازەیەك مەبەستی بیانووهینانەوەیە بۆ کیش و سەرواو لەو بارەیەوە دەلیت:

من گوتم شیعر هەلچوونی عەفەوییانەی هەستە بەهیزەکانە، بنەمای خۆی لە سۆزیکی وەبیرهینراوەی ساتەکانی هیورییەوە وەردەگریت، ئەو سۆزەی کە لیی رادەمینریت وەکو جۆریك لە کاردانەوە وایە. هیوری وردە وردە ون دەبیت و سۆزیك کە هەمان سروشتی ئەو هیورییەی هەیە دەردەکەوێ لە کاتیکدا کە هیشتا

نەبووبیت بە بابەتی تیرامان. ئەو سۆزە ئیستا لە کاریکی بەردەوامدا بەرهەمدەهینریت و لە راستیشدا لە میشکدا خۆی فۆرمەلە دەکات. لەم حالەتی بە ئاگاییەی میشکدا بە گشتی دارشتنی سەرکەوتوانە دەستپیدەکات و لە باریکی بە ئاگایی هاوشیوەی میشکدا بۆ ئەو مەبەستە ریکدەخریت، بەلام سۆزی هەلچوون لەهەر جۆریَ بیت و لەهەر ئاستیکدا بیت ئەوا لە هۆکارە جۆراوجۆرەکانەوە بە خۆشی جۆراوجۆر ریکدەخریت بۆ ئەوەی لە وەسفکردنی هەر جۆرە سۆزیکدا بیت کە بە شیوەیەکی خۆویستانە وەسفدەکریت و لەو بارەشدا میشك لە سەرووی هەموو شتیکەوە لە باریکی ئاسودەیدا دەبیت..

وردزۆرش بەردەوام دەبیت لەسەر بیانووهینانەوەی بەکارهینانی کیش و سەروا لە شیعردا وەکو یارمەتیدان بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە بە "نەبوونی هاوسەنگی لە خۆشیدا" ناودەبریت کە ئەوەش خاسیتی راستەقینەی ئەزموونی شیعرییە. لیرەدا ئیمە دەبینین کە دەرونزانی بەکاردەهینریت بۆ پیشکەشکردنی رونکردنەوەیەکی بنەرەتیانەی شیعر، واتە روونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە چۆن شیعر لە میشکی شاعیرەوە بەرهەمدیت -ئەم رونکردنەوەیە لە

بەرامبەردا بەکاردیت بۆ بیانوو هینانەوەی جۆریکی تایبەتی وەکو ئەوەی ئەو یادوەرییانە هیشتا بە راستی ئامادەبوونیان هەبیت. لەم وەسفکردنەی باری میشکی شاعیرەوەو سەبارەت بە ئامادەگیە دەرونزانیە تایبەتەکان، وردزۆرس هەنگاودەنیت بۆ دارشتنی تیۆرییەکەی خۆی لە بارەی (شیوازی شیعرییەوە). لەبەرئەوەی شاعیر کەسیکە قسە بۆ کەسانی تر دەکات، وەلامیان دەداتەوە، ئەگەرچی کارەکەی بە زمانیکی زۆر هەستیارانە ئەنجامدەدات، پەیوەست بە ئەزموونە گشتییەکانی مرۆڤ، نابیت زمانەکەی لە رووی بابەتی زمانەوە جیاواز بیت لەوەی کە پیاوانی راستەقینە ئەزموونە راستەقینەکانی پی بینا دەکەن. شاعیر لە ناخی سۆزی مرۆڤانەوە بیردەکاتەوەو دەستدەکات بە نووسین. کەواتە چۆن زمای ئەم جیاواز دەبیت لەهەر ئاستیکی بابەتەکانیدا لە زمانی هەموو ئەو کەسانەی تر کە چالاکانە هەستدەکەن‌و بە ئاشکرا دەبینن؟

لیرەدا کەس پیویستی بە قبولکردنی گفتوگۆ نییە، لە راستیدا بە شیوەیەك کە جیگای سەرنج بیت هەرکەسیك زۆر بە سادەیی ئەو راستیە پشتگوێ دەخات کە شاعیر جیاواز لە کەسیکی تر ئاسایی زمان بەکاردەهینیت وەکو ناوەندیك بۆ دەربرینی هونەرییانە،

بابەتی هونەر ناوەندی خۆی ناکات بە مەرج لەم ریگا ئاسانو وردەدا بەلآم دەشیٚ کەسیٚ ئەوە ببینیت کە وردزۆرس هەولدەدات بۆ دارشتنی رایەکی پیوانەیی لە وەسفکردنی دەرونزانیانەی ئەو ریگایەدا کە شاعیر کاری پیدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەسفکردنی دەرونزانیانە ناشیت خۆی شتیکی پیوانەیی بیت، بەوپییەی کە ئیمە تیبینیمان کردووە، دەشیٚ وەسفکردنی دەرونزانیانە بەکاربهینریت وەکو بنەما بۆ بنیادیکی بالآی پیوانەیی.. بەوجۆرەی کەکراوەو (ریچاردز) بەکاریهیناوە، ئەگەرچی ئەو زمانیکی زۆر جیاوازی دەرونزانی بەکارهیناوە.

لەچاو ئەوەی کە شاعیر وا دابنریت کە گیانیکی ئاسایی هەیە لەنیو مرۆڤایەتیدا، کەسیکە بە هەستی بەهیزیو بە توانای بریاردانی خۆی دلخۆشو ئاسودەیە. هەروەها شاعیر ئەو کەسەیە لە کەسانی تر زیاتر بەو گیانی زیندەگانیەی لەخۆیدا هەیە خەنییە. ئارەزووی بۆ تیرامان دیسان توانای بریاردانو هەستکردنی بەهیزتر دەکات ئەوەش لەگەڵ باری بەردەوامبوونی گەردوندا زیاتر ئاشکرا دەبیت. شاعیر ئاسایی ناچار دەکریت بۆ خولقاندنی ئەو شتانەی کە بە ئاسانی پییان ناگاتو نایاندۆزیتەوە. لەم پیناوەدا شاعیر ئارەزوویەکی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی لە کەسانی

تر زیاتر کاری تێبکرێت لە لایەن شتە نائامادەکانەوە لە کاتێکدا کە ئەو شتانە وا دابنرێن ئامادەبوونیان هەیە. شاعیر لە هەستی خۆیدا توانای سیحرکردنی هەیە کە لە راستیدا ئەو توانەیەش جیاوازە لەوەی کە لە رووداوە راستەقینەکان بەرهەمبهێنیرت. هێشتا (بە تایبەتی لەو بەشانەی سۆزی گشتیدا کە ئاسودەکەرو خۆشیهێنەرن) تا ئاستێکی زۆر هەمان شێوەی ئەو هەستانە کاردەکات کە رووداوە راستەقینەکان بەرهەمیان دێنن زیاتر لەوەی لە جولەکانی مێشکی خۆیانەوە بە تەنیا بەرهەمبهێنرێن، کەسانی دی رادەهێنێت کە لە خودی خۆیاندا هەستیاربن، هەست بکەن، لە هەموو شوێنێکداو لە کارکردنیشدا، شاعیر ئامادەگیو وزەیەکی بەرفراوانی بەدەستهێناوە بۆ دەربرینی ئەوەی بیری لێدەکاتەوەو هەستیپێدەکات، بە تایبەتیش ئەو بیروهەستانەی کە بە هەلبژاردنی خۆی یان لە بنیادی مێشکی خۆیەوە سەرهەلدەدەنو دوور لە هەر هۆکارێکی هەژاندنی راستەوخۆی دەرەکی بەرهەم دەهێنرێت.

بەلای وردزۆرسەوە، شاعیر لە پلەدا جیاوازنو لە هەمان جۆری مرۆڤی تر نین، شاعیر هەستیارییەکی هێجگار زیندووی هەیە، زۆر حەماسیو سۆزدارەو زانیارییەکی چری هەیە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوەو

گیانیکی مەودا فراوانی تیگەیشتنی هەیە لە چاو هاوەلە (مرۆکانیدا) هەروەها بەیادهینانەوەی تاقیکردنەوەکانی پیشتر دەتوانیت بیجولینیت لە شیعردا، لیرەدا جۆریك لە ئارەزوو هەیە -کە لەناو رۆمانسییەکاندا شتیکی گشتییە- بۆ پیناسەکردنی شیعر لە روانگەی کردەی داهینانی شیعرییەوە. بە مەبەستی نووسینی شیعری باش پیویستە ئەو کەسە لە باریکی میشکی لەو جۆرەدا بیت کە چاوەروانی بەرهەمهینانی شیعری باشی لیدەکریت. شیعر لەم روانگەیەوە رەنگدانەوەیەکی گونجاوی ئەو بارە تایبەتیەی میشکە. لەبەرئەوە ئەو شیعرەی کە بەرهەمی ئەو بارە تایبەتیەی میشکە باشترین شیعرەو لە چاکترین ئاستی شیعریەتدایە. دەشیٚ گفتوگۆکردن لە یەکەم بینیندا وا دەردەکەیت لە باریکی دەوریدایەو لە رووی هەستکردنیشەوە هەمان شت بیت، بەلاّم شتی گرنگ لەو بارەیەوە ئەوەیە کە هەولدانیکە بۆ دارشتنی حوکمدانی پیوانەیی لە وەسفکردنی دەرونزانیانەوەو ئەمجۆرە هەولاّنەش تاکو ئیستا لە رەخنەسازیدا شتی گشتی بوون.

## هونەرو دەمار پەشیویی

قوتابخانـە جۆراوجۆرەکـانی دەرونزانـــی هاوچـــەرخ هەریەکـەیان کۆمـەڵێ شـتی خۆیـی هەیـە لـە بـارەی ئـەو حالەتــە دەرونزانیانـــەوە بیلیــت کـــە لییانـــەوە هونـــەر سەرهەلدەدات. فرۆیدییـەکان روانینـی خۆیـان هەیـە لـە بـارەی پـەیوەندی نیـــوان هونـــەرو دەمارپەشـــیوییەوە. یۆنگییـــەکان لـــە بەرهەمـــەکانی هونـــەری ئـــەدەبدا وینـــە بنەرەتییـــــەکان‌و دەنگـــــی ئەفســـــانە بنچینــــــەیی‌و وەبیرهینراوەکانیان دۆزیوەتـەوەو ژمارەیـەك گۆرانکاریـان تیـدا کـردون‌و.. زیـادکردنیش بـۆ هـەردوو تیۆرییەکـە کراوە. ئەو فیکرەی کە گوایە هونەرمەند دەمارپەشیوو نەخۆش‌و نـەگونجاوەو هونـەریش شتیکە بەرهـەمی ئـەو دەمارپەشـــیویی‌و نەخۆشـــی‌و نەگونجاندنەیـــە کـــە بـــە شـیوەیەکی بـەربلاو لـە مـاوەی سـەدو پـەنجا سـالی رابـــردوودا بووەتـــە شـــتیکی گشـــتی‌و دەرونزانـــــی هاوچـــەرخیش وا دەردەکـــەویت کـــە بیـــانووی ئـــەوە بهینیتـەوە. ئیدمـۆن ویلسـن لـە وتارەکـەیدا بـە نـاوی "برین‌و ملکەچی"شانۆگەری فلیۆکتیتسی سـۆفۆکلیس وەردەگریت وەکو مەجازیك بۆ هونەرمەند.

فلیۆکتیتس لە دوورگەکەیدا گۆشەگیر کرا چونکە بەدەست برینیکی بۆگەنەوە دەینالاند، لەگەڵ ئەوەشدا هیشتا هاوولاتیە گریکییەکانی بەدوایدا دەگەران  چونکە پیویستیان بە سیحری ملکەچکردنی هەبوو لە شەری تەروادەییەکاندا.

هونەرمەندەکە باجی بینینی داهینەرانەی دەدات لە پای نەخۆشیەکەی، هەروەها کۆمەلیش رەفزی ئەم کەسە دەکات سەرباری ئەوەش کە پیویستی پییەتی لەبەرئەو توانای چارەسەرکردنەی لە هونەرەکەیدا هەیەتی. ئەم روانینە لە دەرەوەی دەرونزانی هاوچەرخ بەرجەستە ناکریت، هەروەها فاکتەری کۆمەلایەتیش بەلایەنی کەمەوە بە ئەندازەی فاکتەرە دەرونزانیەکان بۆ دەرکەوتن‌و بە جەماوەربوونی ئەم کەسیتیە حساب دەکرین.

باشترین وەلام بۆ ئەم بۆچوونە وتارەکەی لیۆنیل تریلینگ لەسەر "هونەری دەمار پەشیویی". تریلینگ ئەوە دەستنیشان دەکات کە نووسەران زۆر گونجاوترن بۆ کار لەسەر کردنیان لە رونکردنەوەی دەرونشیکاریدا لەچاو کەسانی تردا چونکە ئەمان واتە نووسەران چالاکترو لەبارترن بۆ دەربرینی ناخی خۆیان یان بۆ گوزارشت کردن لە خۆیان.

## رەخنەسازی وەکو شیکردنەوەی دانەر

لەوانەیە شتی زۆر بەرهەمدارتر لەچاو تیۆرەکانی دەورنزانیو دەرونشیکاری رەگوریشەی هونەردا جیبەجیکردنە تایبەتەکان بن لە بارودۆخە تایبەتەکاندا. راستە دەروازەی بایۆرەخنەیی کۆنتر گفتوگۆی دەرونزانی دانەری کردووە پەیوەست بە خاسیە تایبەتییەکانی بەرهەمەکانی (هەرکەسێ دەتوانێ ئەمە لە زۆربەی بەشەکانی زنجیرەی "ئەهلی قەلەمی ئینگلیزدا" ببینیت کە بۆ بەشی زۆری دوا بەشی سەدەی نۆزدە بەرهەمهینراوە، بەلام بە شیوەیەکی گشتیو بە ریگایەکی ناسیستاماتیکانە. سیستەمە نوییەکانی دەرونزانی زۆربەی دەروازە میتۆدییەکانیان کردۆتە شتیکی شیاو. کەسیك دەتوانیت بەرهەمیکی تایبەتی شیبکاتەوەو لەو شیکردنەوەیەوە دەرئەنجام سەبارەت بە سایکۆلۆژیای دانەر بەدەستبهینیت.

سەبارەت بە سایکۆلۆژیای دانەر، کەسیکی تر دەتوانیت سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەریك وەربگرێو لییانەوە دەرئەنجامی گشتی سەبارەت بە باری میشکی بەدەستبهینیت کە ئەوەیش دەشێ دواتر بخریتە کار بۆ لیکدانەوەی بەرهەمە دیارەکان، کەسیکی تر دەتوانیت

ئۆتۆبایوگرافیای نووسەر وەربگریت کە ئەویش بە رووداوەکانی دەرەوەی ژیانی تایبەتی (یان ناوەوەی نووسەر) لە جۆری نامەو بەلگەنامەو بەلگەنامەی دانپیدانان بە لایەنەکانی ژیانیدا روونده‌کریتەوە.. لەسەر بنەمای ئەو شتانەش بیردۆزیك بۆ کەسیتی ئەو نووسەرە دادەنریت ئەویش بەهۆی گرفتەکانیو حالەتەکانی بیئومیدییو ئەزموونە تفتوتالەکانیو باری دەماری پەشیوییو هەر شتیکی تریش کە روودەدەن، هەروەها ئەم بیردۆزە بەکاردەهینریت بۆ روونکردنەوە یان ئاشکراکردنی کەسیتی هەر نووسەریك لە بەرهەمەکانیدا.

دەشیّ کەسیّ بگەریتەوە بۆ دواوەو لە نیوان ژیانو بەرهەمی ئەو نووسەرەدا بجولیتو کاربکاتو هەریەکە لەو دوو لایەنە بە یارمەتی ئەویتریان روونبکاتەوە، لە کاتیکدا لە سەرنجدانی دریژەی ژیانەوە دەردەکەویت کە قەیرانی دیاریکراو لە بەرهەمەکاندا رەنگیان داوەتەوە روانینیش لەو تیشکەنیگایەوە کە لە بەرهەمەکاندا بایۆگرافیای راستەقینەی نووسەر دەریخستووە پیچەوانە دەکریتەوە. ئەوەش ئاسایی شتیکی ترسناکە، ئەگەر ورووژاندنو بە تیۆرکردنی بەرزو پەیوەست بە هەلسەنگاندنی رەخنەییەوە لەهەر شتیکی تر زیاتر

وردەكارییانە بیت. بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە بەدواداچوونە دەرونزانیە یارمەتیان نەدات بۆ هەلسەنگاندنی بەهای بەرهەمیك، ئەوە ئاسایی لە شیوەیەكی تردا یارمەتیان دەدات بۆ بە ئاشكراتر بینینی ئەوەی بەرهەمە ئەدەبیەكان چین وەكو بەرهەمی كاركردنی خەیالی مرۆڤ بە ریگای تایەبتی لە سایەی بارودۆخی تایبەتیدا.

## رەخنەو زانستی زمان

ئـەم سـی بابەتـەی کـە لـە ناونیشــانی ئــەم بەشــەدا بەدوای یـەکدا ریزکراون لەوانەیـە یەکیتیـەك نیشــانبدەن کـە جیگـای سەرسـورمان بیـت، لـە راسـتیدا یـەکیك لــە پەرەسەندنە هەرە پر بایەخـەکانی رەخنـەی ئـەدەبی لـە سـەدەی بیسـتدا هــەولدان بــووە بــۆ پیکەوەبەســتنی سروشتو بنیادی بەرهەمەکانی ئەدەب لەگەڵ سروشتو بنیـادی زمـاندا، ئـەم بابەتانـەش لـە کـەلتوری کۆمــەلگا سەرەتاییەکاندا لە لایەن ئەنترۆپۆلۆژیستانەوە گفتوگۆی لەســەر کــراوە، ئــەو کەســەی کــە بەرهەمــەکانی زۆر پەیوەســـتە بـــەم هەولدانـــەوە، ئەنترۆپۆلۆژیســـتی کۆمەڵایــەتی فەرەنســی کلــۆد لیڤــی شتراوســە کــە بەرهەمەکانی بەتایبەتی (عەقلی سەرەتایی سالی ١٩٦٦) و سێ بەشــی (میسـۆلۆژیا سـالی ١٩٦٤-١٩٦٨) تیکـرا بینینی هەمەجۆر لە دیسپلینە جۆراوجۆرەکانەوە پیکەوە بەرهـەم دەهینـن بـۆ ئاشـکراکردنی ئـەو ریگایانـەی کـە مـرۆڤ تیایـاندا بــە بەلگــە هەسـتیاری ئامــادەکردووەو لیکیداوەتـەوە کـە ئـەوەش لــە لایــەن ژینگەکەیــەوە بـۆ گواستنەوەی سروشتی دەست لینـەدراو بـۆ جۆریـك لـە کەلتوری ئامادەکراو دەخریتەروو.

چرکردنەوەی کورتی ئامانجەکانی شتراوس بەمجۆرە بیگومان کاریکی نەگونجاوە، لیڤی شتراوس خۆی بە جۆرە شیوازیك دەنووسیت کە خۆی ئەو شیوازە لە زمانی فەرەنسیدا تاقیدەکاتەوەو لە دیسپلینە جۆراوجۆرەکانیدا کە شتراوس داوای دەکات کۆمەلگا سەرەتاییەکان خۆیان لە بەردەم ونبوونیکدا دەبیننەوە بۆ زانینی مەبەستو مانا وردەکان کە ئەو بە دوایاندا دەگەریت.

خالی دەستپیکردنی ئەم ریبازەی رەخنە لەوانەیە بگوتریت بریتییە لە تیگەیشتنی ئەو ریگایانەی کە تیایاندا یان لییانەوە عەقلی مرۆڤ سروشت دەگوازیتەوە بۆ کەلتور یان رۆشنبیری ئەویش بەهۆی ریکخستنی ئیدراکەوە بۆ دوو شیواز کە لە تیۆری زانستیدا پییان دەگوتریت "کۆدەکان" واتە رەگەزەکانی سیستەمیك کە دەشیٚ بەکاربهینریت، لەگەڵ پەیامەکان واتە بەکارهینانی ئەو سیستەمە بۆ هەلگرتنو گواستنەوەی مانا. سەرباری ئەوەی کە پەیوەندی ئالوگۆرکردن لیرەدا بە هەموو جۆرەکانی ئامرازە کەلتوریەکانو بە زمایشەوە پەیوەندی ئالوگۆرکردن لە خۆی دەگریت، ئەم دوو شیوازە یان ئاستە لەگەڵ جیاوازییەکدا ریکدەکەون کە فریدینالٚ دیسۆسۆر (١٨٥٧-١٩١٣) کە یەکیکە لە رابەرەکانی زانستی نویی

زمـــــان ئـــــەو جیاوازییـــــەی دەستنیشـــــانکردووە. جیاوازییەکەش لە نیوان زمانو قسەدایە. زمان بریتییە لە سیستەمی تەقالیدەکانی زمان، کە لەهەر پەیوەندی ئالوگۆرکردنیکی زارەکیدا ئەو سیستەمەی تەقالیدەکانی زمان دەچەسپینریت. قسە پەیوەندی ئالوگۆر کردنیکی تایبەتییـــە کـــە تیـــایدا قســـەکەر ئـــەو تەقالیدانـــە بەکاردەهینیت کە لە لایەن ئەو سیستەمەوە بۆ دارشتنی یەکیتییـەکی تایبـەتی وشـەکان بنیـادی دەنیـت، زمـان بـەمجۆرە نموونەیەکـە لـە کۆدیکـی ئـەو ئامـاژانـەدا کـە دەشیَ دابریژرین بۆ ناردنی پەیامە تایبەتەکان. هەموو چالاکیە رشنبیرییەکان –نەك تەنیا ئەفسانەکان– بەلکو نموونـــەکانی رەفتـــاری کۆمەلاَیـــەتی لـــە ناویـــاندا داب‌ونەریتـــە سیکســـــییەکانو داب‌و نـــــەریتی ژن‌و میردایەتی‌و خوەکانی خواردن‌و نەریتەکانی جلوبەرگ‌و هەلویست بەرامبەر ئاژەلّو نموونەکانی تری نیشاندانی ئەو ئامارژانە.. ئەو بوارانەن کە لیڤی شتراوس پییانەوە خـــەریکبووە. دەشـــیَ بـــە شـــیوەیەکی زۆر راســـتەوخۆ لیکۆلینـــەوەی چالاکییـــەکانی کۆمـــەلگا ســـەرەتاییەکان بکریـــت، لای شـــتراوس چـــەمکی گۆرانکـــاری میژوویـــی شتیکی نەزانراوەو ئەو بە ریگـای خـۆی وەهـا سـەیری ژیان دەکات وەکو ئەوەی لە دەرەوەی (کات)دا بیت.

## بنیادگەری

لە روانگەی بنیادگەرییەوە پەیبردنی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوە بە هۆی سیستەمیکی ریکخستن و پۆلینکردنەوە ریکدەخریت کە لە دواشیکردنەوەدا بە هۆی سروشتی ئەندامەکانی هەستکردنمان و بە هۆی عەقلمانەوە بریار دەدریت. ئیدمۆن لیچ لە کتیبەکەیدا لەسەر لیڤی شتراوس توانای ئیمە بۆ ناسنیەوەی رەنگ وەکو نموونەیەك وەردەگریت کە ئەو توانایە لە لایەن هەلبژاردنی رەنگە دیارە جیاکراوەکانەوە دادەریژریت ئەویش لەسەر بنەمای یاسایەکی فیزیکی بەردەوام و بەکارهینانی رەنگەکان لە لایەن ئیمەوە بۆ نموونە رەنگەمانی ترافیك لایت.

سروشت خۆی بابەتی ریکخستنیکی پیشترە بەرلەوەی ئیمە بە هۆی توانای پەیبردنمانەوە هەستیپیبکەین، کاتێ کەلتور لە نموونەی ئالۆزی پەیوەندییەکانی ئەو ئاماژانەوە پیکدیت کە لە ئاکامدا لەو ریگایانەوە ئەو ئاماژانە فۆرمەلە دەکرین کە ئیمە لییانەوە لە سروشت تیدەگەین. بە هۆی تاقیکردنەوەی بنیادی ئەم نموونانەی ئاماژەکانەوە دەتوانین بزانین چی لە سنووری دیاردە کەلتوورییەکاندا هەیە کە ئەدەب

یەکێکە لەو دیاردانە. لێرەوە تەکنیکێکی ڕەخنەیی دەردەکەوێت کە پێی دەوترێت ڕەخنەی بنیادگەری‌و ئەم تەکنیکەش لە لایەن ڕەخنەگرێکی تری فەرەنسییەوە کە ئەویش (ڕۆلاندبارتە) لە کتێبی "ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیادا" ساڵی ١٩٦٧ پەرەی پێدراوە. جیاکردنەوەی بارت لە نێوان ئەو دوو ئاسەدایە کە یەکێکیان پێی‌دەوترێت سیستەم یان بە سیستەم ناودەبرێت ئەویش بریتییە لە (زمان‌و جلوبەرگ‌و خۆراك‌و شتومەکی ناوماڵ‌و.. تاد) لەگەڵ هاوشێوە سینتاگمیەکاندا لە ئاستێکدا بۆ جیاکردنەوەی نێوان کۆدو پەیام.

لە هەموو هەلسوکەوتێکی کەلتوریانەدا بەکارهێنانی بنیادی ئاماژەکان ئامادەبوونی هەیە ئەویش یان شێوەی زارەکییە یان پراکتیکییە کە مانا هەڵدەگرێت‌و دەبەخشێت. لەم ڕێگایەوە بنیادگەری شیانی بەکارخستنی لە گەلێك چالاکی تر غەیری ئەدەبدا هەیەو پەیوەستە بە زانستی نوێی سیمۆلۆژیاوە، واتە توێژینەوەی ئاماژەو هێماکان. ئەوەیشی کە لە ئەدەبدا پیادە بکرێت بریتییە لە لێکۆلینەوەی نموونە گرنگەکان‌و ئەو ئاراستانەی کە لە لایەن ئەو ڕێگایەوە پێشنیار دەکرێت کە زمان چۆن بەکاردەهێنرێت لە

بەرهـەمیکی دیـاریکراوی ئـەدەبیدا. بنیادگـەری تـەنیا تیۆریکـی ئـەدەبی پیشـکەش ناکـات بـەلکو سـەرباری تیـۆری ئـەدەبی شـیوازیکی رەخنـەی پراکتیـك پیشکەشـدەکات. کەواتـە بنیادگـەری بـە چ شـیوەیەك کاردەکـات بـۆ ئـەوەی وەکـو باشـترین نموونـەی رەخنـە سـەیر بکریـت؟ نموونـەی روونو ئاشـکرا لـە لایـەن جۆناسان کۆللەرەوە کـە پیشکەشـدەکریت لـە وتـاریکی (کۆللەدایە) بە ناونیشانی "بنیادگەریو ئەدەب" ئەویش لـە "دەروازە کاتیـەکانی لیکۆلینـەوەی ئـەدەبی ئینگلیزیدا" کە لە سالی ١٩٧٧دا لە لایەن هیلدا شیفەوە چاپکراوە کـە ئەمـەی دیـت بەشـیکی چرکراوەیـە لـەو بابەتە:

ئەرکی شیکردنەوەی بنیادی، دەشیٚ دواتر بلییێن بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو سیستەمە گرنگانەی ئەو تەقالیدانەیە کە توانا دەدەن بە بابەتە کەلتورییەکان هەتا مانایەکمان پیببەخشـن. لـەم رووەوە بنیادگـەری راڤـەکردنی یـان شتیکی هیرمۆنتیکییە، هەروەك بنیادگەری ریگایەکیش نییـە بەرهەمـهینانی لیکدانـەوە نـویو ترسـناکەکانی ئەدەب بکات هەرچـەندە لـە روویـەکی تـرەوە کـە دواتـر باسی دەکەم بنیادگەری هیرمۆنتیکایە. بنیادگەری زیاتر پرسـیاری ئـەوە دەکـات چـۆن ماناکـانی بەرهەمـە ئەدەبییەکان شیاو دەبیت.

باشترین ریگایەك بۆ جولاندنی کەسیك بۆ پەیبردنی بنیادگەرانە ریگای وەرگرتنی زانستی زمانە وەکو مۆدیلیك و بە مەبەستی بیرکردنەوە لە پەیوەندی نیوان گوتراویك لەگەڵ قسەکەرو گویگردا. ئەو رستەیەی کە من دەریدەبرم وەکو زنجیرە رووداویکی فیزیکی دەگاتە تۆو زنجیرەیەك دەنگە کە دەشێ بە هۆی هیما دەنگییەکانەوە نیشانیان بدەین. تۆ کە گویت لەم زنجیرە دەنگە دەبیت مانایان پیدەبەخشیت. ئەو پرسیارەی کە زانستی زمان بەرزیدەکاتەوە ئەوەیە چۆن ئەم شتە شیاو دەبیت، بیگومان وەلامەکەیشی ئەوەیە کە تۆ بریکی زۆر گەورەی مەعریفەی شاراوەو نەستی دەخەیتە بواری پەیوەندیکردنەوە. تۆ توانای وەرگرتنی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی ئینگلیزیت هەیە کە توانات دەداتێ بۆ پەیوەستکردنەوەی ئەم دەنگانە بە حالەتی ئەبستراکت و فۆنیمە پەیوەندیدارەکانی زمانی ئینگلیزییەوە تۆ توانای وەرگرتنی سیستەمیکی ریزمانیت هەیە کە سیستەمیکی زۆر گرانەو ئیمە تازە دەگەینە حالەتی لیتیگەیشتنی کە ئەوەش توانات دەداتێ بۆ دیاریکردنی وەسفیکی بنیادی بۆ رستەکە بۆ بەدیهینانی پەیوەندییەکانی لە نیوان بەشەکانی خۆیداو بۆ ناسینەوەی ئەوە وەکو پیکهاتەیەکی پەسەندی ریزمانی. پیکهاتەیەکی لەوجۆرە کە پیشتر بە هیچ شیوەیەك نەتبیستووە، لە کۆتایشدا

زانیـاری خـۆت سـەبارەت بـە پیکهاتــەی سـیمانتیکی زمانەکــە یارمــەتیت دەدات بــۆ دیــاریکردنی یــان پیشکەشکردنی لیکدانەوەیەك بۆ ئەم مەوداو پیکهاتـەی دەنگەکان. ئیستا دەشی بلیین ئەگەر ئیمە ئەوە بخوازیـن کە بنیادی فۆنۆلـۆژیو سـینتاکسو مانـا بریتـی بـن لـە خاسـیتەکانی (وتــراو)، وەکــو بیتــەوە یادمــان ئــەم خاسیتانە تەنیا خاسیتی (گوتـراو)ن بە لەبەرچاوگرتنی ئــەو ریزمانــە ئــالۆزەی کــە قســەکەرانی ئینگلــیزی وەریــانگرتووە. بــەبی ئــەو زانیارییــە ئــالۆزەی کــە دەهینریتـە سنووری کـاری پـەیوەندی ئالوگۆرکردنـەوە، ئەوا ئەو خاسیتانە هیچیان نابیت.

لـە ئـەنجامی رۆیشـتنەوە لـە زمانـەوە بۆ ئـەدەب ئیمـە باریکی لیکچوو دەبینـین، با وای دابنیـین کەسیك زمـانی ئینگلـیزی دەزانیـت بـەلام هیـچ زانیارییـەکی لـە بـارەی ئەدەبـەوە نییـەو لـە راستیشـدا هیـچ ئاگـاداری چـەمکی ئـەدەب نییـە. ئەگـەر شـیعریکت خسـتە بەردەسـتی ئـەو کەسە ئەوە نازانیت چییەو واقی وردەمینیت.

بیگومـان ئـەو کەسـە وشـەو رسـتەکان تیدەگـات، بـەلام نازانیت ئەم شتە سەیرە چییەو نازانیت چی لەم پیکهاتە زمانییە سەرنجراکیشە بکـات. ئـەم کەسـە کـەموکورتی لـە بوونــی ئــەو سیســتەمە ئــالۆزەی زانیــاریدا هەیــە کــە

خوینەرانی خاوەن ئەزموون ئەو سیستەمەی زانیاریان بەدەستهیناوە، ئەویش سیستەمی تەقالیدو پیودانگەکانە کە دەشێ ئیمە بە "توانای وەرگرتنی ئەدەبی" ناوی ببەین.

دەتوانین بلیین ئەوە تەنیا وەکو ئەرکیکی زمانەوانی وایە بۆ دەرخستنی سیستەمی زمانیك کە ئالوگۆرکردنە زمانییەکان دەکات بە کاریکی شیاو، لەبەرئەوە لە حالەتی ئەدەبدا پیویستە شیعریەتی بنیادگەر بەدوای ئەو زانیاریەدا بروات کە دەشێ لە هەلسەنگاندنی توانای ئیمەدا بۆ خویندنەوەو تیگەیشتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکان داوابکریت.

## ڕەخنەی فۆرمالیست

### ن: رۆبیرت دیاینی

ڕەخنەگرانی فۆرمالیست وەکو هونەریکی جیاواز سەیری ئەدەب دەکەن و ئەدەب وا دادەنین کە ئەو ژانرەیە کە سەرچاوەکانی زمان بەکاردینیت بۆ پیکهینانی ئەزموون و گواستنەوەی ماناو دەربرینی هەلچوون. فۆرمالیستەکان جەخت دەکەنە سەر شیوەی بەرهەمی ئەدەبی بۆ دیاریکردنی ماناکەی و گرنگیش دەدەن بە رەگەزە ئەدەبیەکانی وەکو گریچن و کەسیت و شیوەی دەربرین و وینەو بنیادو جیهانبینی. فۆرمالیستەکان لە مامەلەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا وەکو سیستەمی سەربەخۆ لەگەڵ بەشە لە ناوەوە پەیوەستبووەکان بە شیوەیەکی نموونەیی زانیاری بایۆگرافی یان زانیاری میژوویی لە راڤەکردنەکانیاندا دەکەنە شتیکی دەرەکی و ناپەیوەست. پەیپبردنە ڕەخنەییە گرنگەکانی فۆرمالیست بریتییە لەو بروایەیە کە بەرهەمە ئەدەبیەکان هەموو لایەنە هونەرییەکان پیکەوە کۆدەکاتەوە کە دەشی ئەو بەرهەمە لە ئەنجامی شیکردنەوەی بەشەکانیدا بگاتە ئەو ئاستەی تیگەیشتنی لی فەراهەم ببیت.

بەپیی تیروانینی فۆرمالیست پەیوەستبوونی تەواوەتی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ بەرهەمەکە خۆیدا

دەبیت (واتە رەخنەی ئەدەبی پەیوەست دەبیت بە بەرهەمەکەوە، زیاتر لەوەی کە لەسەر میژوویی ئەدەبیو ژیانی نووسەر یان سیاقی کۆمەلایەتیو میژوویی بەرهەمەکە کاربکات. بەلای فۆرمالیستەوە مانای سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی لە شیکردنەوەی هەمەلایەنەی رەگەزە سەرەکیەکانی پیکهینەری بەرهەمەمە ئەدەبیەکەوە ئاشکرا دەکریت لە جیاتی ئەوەی بە ریگای چوونەدەرەوە لە بەرهەمەکەبیت ئەویش بە ریگای بەهیندگرتنی یان وەرگرتنی شتی دیکەی بایۆگرافی، میژوویی، دەرونزانی، کۆمەلایەتی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی. ئەم تیروانین یان لایەنە زیادانە لە پەیبردنی فۆرمالیستەوە ناگەوهەریو دەرەکینو لە پلەی دووەمی بایەخپیداندان. ئەو بابەتانەی کە زیاتر جیگای بایەخی رەخنەی فۆرمالیستن ئەوانەن کە چۆن بەرهەمیك دەگاتە ئاستی مانابەخشین، چۆن سەرچاوە زمانییەکانی کە ئەو بەرهەمەی لیپیکدیت لە لایەن نووسەرەوە دەخرینەروو بە مەبەستی هەلگرتنی مانا. سەرباری نادیاری لە پەیبردنی فۆرمالیستدا بەلام خوینەران لە راستیدا دەتوانن مانا ئەدەبیەکان دیاری بکەنو دەشێ خەلکیش لەو ئەدەبە تیبگەنو لەو رووەشەوە ماناکانی ئاشکرا بکریت.

دوو بواری تر کە لە رەخنەی فۆرمالیستدا شایانی باسکردنن بریتین لە: یەکەم بەرهەمیکی ئەدەبی بە سەربەخۆ لەهەر خوینەریکی تایبەتی بوونی خۆیی هەیە وەکو بەرهەم، واتە بەرهەمی ئەدەبی لە دەرەوەی دووبارە بەرهەمهینانەوەی بەرهەمەکە لە لایەن هەر خوینەریکەوە لە کاری خویندنەوەدا بوونی هەیە.

دووەم: بەرهەمە هەرە گەورەکانی ئەدەب گەردونین و گشتیبوونیان و هارمۆنیای ئیستاتیکایانەیان ئەو تایبەتمەندیتییە دیاریکراوانە بەجیدەهیلیت کە وەسفیان دەکەن.

ریگای سەرەتایی فۆرمالیزم بریتییە لە خویندنەوەیەکی داخراوی دەقی ئەدەبی بە جەخت کردنە سەر بەکارهینانی میتافۆرو هیما لە بەرهەمەکەداو پەخشکردنی ئایرۆنیو نموونەکانی ئایرۆنی لە وینەو جولەدا شیعری لیریکی بە شیوەیەکی دیارو لەبەرچاو خۆی بۆ ئەو خویندنەوە داخراوە لە بارە کە لە لایەن رەخنەگرانی فۆرمالیستەوە پەسەند دەکریت چونکە زمانەکەی وا دەردەکەویت کە زۆر چرکرابیتەوەو زمانیکی میتافۆری بیت لە چاو زمانی پەخشاندا.. ئەمەش بە لایەنی کەمەوە وەکو یاسایەکی گشتی شیعری لیریکی وایە. سەرباری ئەوەش شیکردنەوەی ئاسایی رۆمانو شانۆگەری دیسان جەخت دەکاتە سەر

خوێندنـەوەی داخـراوی پاسـیج یـان ئـەو بەشـانەی بـە کلیلـی دەق نـاودەبرین بـۆ نموونـە بەشـەکانی سـەرەتاو کۆتـایی لـە رۆمـاندا یـان دیمـەنی یەکـەمو کۆتـایی لـە شانۆگەریدا یان چرکەساتی گەیشتن بە لوتکەی رووداو لە کاری درامیدا یان لە شیعردا یان لە رۆماندا.

سـەرباری ئـەوە، رەخـەگرانی فۆرمالیسـت بنیـادە پیوانەییە گەورەکانی بەرهەمە درێژترەکان شیدەکەنەوەو بـەدوای نموونـەو پەیوەندییـەکاندا دەگـەرین لـە نیـوان دیمەنو کارو جولەو کەسیتەکاندا.

یەکێك لە خاسیتە جیگیرەکانی رەخنەی فۆرمالیست بریتییـە لـە قورسـی خستنەسـەر تـەمومژاوی بـوونو پەشـیویی. پەشـیویی دەگەریتـەوە بـۆ سروشـی ئـەو ریگایەی کە تیایدا رەگـەزەکانی زمانی دەقیك ململانێو دژایـەتی لیوە پیچەوانە دەکەنەوە. تـەمومژاوی بوونیش دەگەریتـەوە بۆ ئـەو ریگایانـەی کـە دەقـەکان بە کراوەیـی تیایـاندا دەمیننـەوە بـۆ زیـاتر لـە تاکـە لیکدانەوەیـەکی گشـتی یـەکگرتوو یەکلاکـەرەوە. پەشـیوییو تـەمومژاویبوون هـەردووکیان وەکو رەگـەزەکانی ریبـازی رەخنـەی فۆرمالیسـت وەرگـیراونو لیکۆلینـەوە کـراون ئەویش بە مەبەستی پیشکەشکردنی گفتوگۆی جیاوازی لیکدانەوە لە لایـەن ئـەو رەخنەگرانـەوە کـە ریبازەکـانی بنیادگەریو هەلوەشاندنەوە بەکاردەهینن.

## سیماکانی
## رەخنەی هەلوەشاندنەوە

هەلوەشاندنەوە وەکو بەرەوپیشەوەچوونیکی زیاتری بنیادگەری دەرکەوت، رەخنەگرانی هەلوەشاندنەوە هەمان شیوەی رەخنەگرانی بنیادگەر بەدوای بەرامبەر یان دژەکاندا دەگەرین لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا (بیگومان ئەم حالەتە جۆرەکانی تری بەرهەمیش دەگریتەوە وەك فیلمو ئاگاداریو دامەزراوە کۆمەلایەتیەکانی وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەکانیش). هەمان شیوەی بنیادگەری هەلوەشاندنەوەش جەخت لەسەر جیاوازی یان بنیادی پیکهاتە دژەکان دەکات لە دەقەکاندا یان لەهەر سیستەمیکی تری ئاماژەکردندا لەو دژ یان جیاوازانەش بۆ نموونە (نیر/ میر، رەش/ سپی، زیندو/ بیگیان). بە گویرەی رەخنەگرانی هەلوەشاندنەوە هەر مانایەك کە پیکدیت وەکو دەرئەنجامی دژایەتی یان بەرامبەر یەك دانانی دژ یان پیکهاتە جیاوازەکانە کە دەشێ ئەوەش وەکو زەمینە دانانیکی ئایدیۆلۆژیانە بخویندریتەوە. ئەوە ئەو حالەتەیە کە بە بەکارهینانی زمان خۆی مانا دەخولقینێ ئەویش بە لە بەرامبەر یەکتردانانی دژەکاندا یان هاوشیوەکاندا بۆ نموونە

جیـاوازی مانـا هەیـە لـە نیـوان دوو وشـەی ئینگلـیزی (**Cap**) و (**Cup**)دا کـە یەکـەمیان واتـە **cup** ماناکـەی (کوپـە)ەو دووەمیـان واتـە **cap** ماناکـەی (شـەبقە)یـە کـە جیـاوازی مانـاش لـەنیو ئـەو دو وشـەیەدا بـەندە بـە جیاوازی لە نیوان پیتی ناوەراست لە هەردوو وشەکەدا. ئـەم جیاوازییـە گرنگـە چونکـە جیـاوازبوونی دوو شـت دیاریدەکات.

هەلوەشاندنەوە جیاوازە لە بنیادگەری، هەرچەندە لە رووی وەسفکردنەوە لـە ئاسـتی یەکـەمدا هـەردووکیان بریتین لـە دانـانی بەرامبـەر یـەکتری دوو شـتی نـاکۆك‌و تـەواو یەکسـان لە بەرامبـەر یـەکتردا، هەلوەشـاندنەوە لـە دەستنیشانکردنیشـدا وەکـو ئایدیۆلۆژیایـەکی بالادەسـت دەبـێ یـان پیویسـتی بەوەیـە کـە بروخیـنریت، لاواز بکریت، بگۆردریت یان بە جۆریکی تر بخریتـە بـەردەم پرسـیارو روانینیکـی ئایدیۆلۆژییـەوە، بـۆ نموونـە ئـەو پیشنیاری ئەوە دەکات کـە تاکـە رەگـەزێ یـان توخمـێ بالادەسـتە بەسـەر رەگـەزو توخمـەکانی تـردا، یـان پیشنیاری قایل بوونـی ئەو هەژارانـە دەکـات کـە رازی‌و ئاسودەن بە بەشی خۆیان.

ئیمـە دەتوانین جۆریکـی زۆر ئاشـکرای بـە سیاسـی کراوی هەلوەشاندنەوەی "رەخنـەی هەلوەشاندنەوە" لـە

جۆریکی بە ئەستەم زیندووی سیاسیانەی "رەخنەی هەلوەشاندنەوە" لیکتر جیابکەینەوە کە تیایدا پالنەری ئایدیۆلۆژی ئاستی شاراوەیی‌و نادیاری بالاٌترە لە ئاستی ئاشکرای یان پالنەری ئایدیۆلۆژی پەردەی لەسەر نراوە زیاتر لەوەی دەربراویکی ئاشکرا بیت.

هەلوەشاندنەوە سەرباری ئەوەی شیکردنەوەیەکی بە ئاگایانەی زمانی دەقە، رەخنەگرانی هەلوەشاندنەوە دەق هەلدەوەشیننەوە ئەویش بە ئامـاژەکردن بـۆ ئەو جیگایانەی کە تیایدا دەقەکە لە رووی رەگەزەکانیەوە لەگەلٌ یەك ناکۆكو دژیەکە یان بە وتەیەکی تر تەمومژاوییە. ئەو رەخنەگرانەی کە رەخنەی هەلوەشاندنەوە وەکو ریبازیکی رەخنەیی بەکاردەهینن لە راستیدا دەلین دەقەکە خۆی هەلدەوەشینیتەوەو ئەمانی رەخنەگر بەو ئەندازەیە دەقەکە هەلناوەشیننەوە کە نیشانی بدەن چۆن دەقەکە لەگەلٌ خۆیدا ناکۆکەو لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیەشدا خۆی تیکدەشکینیت. ئەوان گفتوگۆی ئەوە دەکەن ئەو ناکۆکیانەی لەهەر دەقیکی ئەدەبیدا بە فیعلی دەدۆزرینەوە لە راستیدا لە سروشتی زماندا رەگ‌و ریشەیان هەیە کە زمانیش کاردەکات وەکو سیستەمیکی دژایەتی یان جیاوازییەکان. لەبەرئەوەی زمانیش خۆی بە شیوەیەکی سەرەکی دژایەتی تیدایە

یان بریتییه له دانانی بەرامبەرەکان له بەرامبەر یەکتردا، له ئەنجامی ئەوەشدا بە شیوەیەکی سەرەکی سروشتی پیکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی هەیە. دوای ئەوە ئەم گوتارەی باسی لیوە دەکەین لە ئاستی یەکەمدا دژایەتیکردنەو پاشانیش بابەتی هەلوەشاندنەوەیە، لە ئاستی دووەمیشدا بریتییە لە پیکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژیو نیشاندەری هیزی (جیاوازی) دروستکردنە. سەرباری ئەوەش رەخنەگرانی هەلوەشاندنەوە لە لایەکی ترەوە غیاب بوونی خاسیتەکانی دەق یان سیفاتەکانی دەق جیگیر دەکەن بە پیشنیارکردنی ئەوەی کە ئەم رەگەزە غایبانە سەرکوت کراون ئەویش بە هۆی ئەو ئایدیۆلۆژیا بالادەستەوە کە دەسەلات بەسەر مانای ئاشکرای بەرهەمەکەدا دەکات.

رەخنەگرانی هەلوەشاندنەوە لەسەر ئەو پیشەکیە کاردەکەن کە زمان بیچەندوچوون لەگەل خۆیدا ناکۆكو خۆرووخینەرە. ئەمان گفتوگۆی ئەوە دەکەن لەبەرئەوەی زمان لە خۆیدا ناجیگیرەو ناشیت لە لایەن نووسەرانەوە دەسەلاتی بەسەردا بکریت، لە ئەنجامدا بەرهەمە ئەدەبییەکان مانای لەوە زیاتر هەلدەگرن کە نووسەرەکانیان لیی بە ئاگان. هەروەك ماناکانی ئەو بەرهەمانە بە هەمان شیوەی ئەو زمانەی پیی دەنووسرین

ناجیگیر دەبن. مەبەستی شیکردنەوەی هەلوەشاندنەوە بۆ دەرخستنی ناجیگیریتی زمانە لە دەقەکانداو بە هۆی ئەویشەوە دەرخستنی ئەوەی کە چۆن هیزەکانی ململانیکردن بیچەندوچوون بنیادە پر ماناکەی یان بنیادە بە ئاشکرا لۆجیکیەکەی دەروخینن، لە ئاکامی ئەوەشدا چۆن مانای روونی بە ئاشکرا دابەشدەبیت بۆ ئیحتمالە بەرامبەر بەیەكو دژبەیەکەکانو لە ئەنجامیشدا بریارنەدراوەکان.

رەخنەی هەلوەشاندنەوە مەیلداری زاراوەکانی وەکو بی دەمامکیو هەلوەشاندنەوەو ئاشکراکردنەوەو دامرکاندنەوەو دژایەتی کردنە. جیاواز لە رەخەی فۆرمالیست کە بە روانینی گومانگەراییەوە بۆ وردەکارییەکانی نیو دەق یان وردەکارییە دەقییەکانەوە سور بوو لەسەر شیکردنەوەی دەق وەکو دنیایەکی سەربەخۆ، رەخنەی هەلوەشاندنەوە هەولی هەلوەشاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەداتو ئاشکرای دەکات کە مەبەستی دەرخستنی شتیك نییە بۆ بەخشینی مانا، بەلکو رەخنەی هەلوەشاندنەوە لایەنگری خۆی بۆ دەقە ئەدەبیەکان نیشاندەدات لە چۆنیتی خۆ هەلوەشاندنەوەیان یان دەریدەخات کە چۆن خۆیان دەروخیننو چی لە خۆیان دەکەن. بەرزکردنەوەی رەخنە

بۆ چوارچێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەفراندنی ئەدەبیدا (بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وتاریکی رەخنەیی هەلوەشاندنەوە لەسەر بەکارهێنانی هێن) بۆ نموونە بە شێوەیەکی سروشتی ئەوە بەرهەمێکی هونەری پڕ بەها دەبێت هەمان شێوەی "بەسەرهاتی سەرەکی"، ئەمەش شان بە شانی گومانکردنی بنچینەیی سەبارەت بە توانای زمان بۆ گواستنەوەی شتەکان یان ئالوگۆڕکردنی پەیوەندی هەر شتێك بیجگە لە گواستنەوەو ئالوگۆڕکردنی ناکۆکیەکان.

بیری یەکلاکەرەوەی رەخنەی هەلوەشاندنەوە بیریکی جیاوازە، جیاوازە بە هەمان شێوەی ئەو ریگا نوییەی کە فەیلەسوف و رەخنەگری هەلوەشاندنەوە جاك دریدا ئاشکرای دەکات. دریدا مەبەستی لە جیاوازی بۆ پێشنیارکردنی مانای ئاسایی جیاوازیو بیرۆکەی دواخستن هەردووکیانەو هەردووکیشیان لە دوو مانای فرمانی (*difterer*)ی فەرەنسییەوە دادەریژرین کە مانای "بۆ جیاوازی کردن" و "بۆ دواخستن"ەو یەکەمیان (*to differ*) و دووەمیان (*to defer*)ە. ئەم جۆرەی جیاوازی لای دریدا بە تایبەتی مانای دواخستنی مانا بەخشینە کە هەرگیز تەواو نابێت یان کۆتایی نایەت چونکە قسەی گوتراو یان دەقی نووسراو ئەو مانایە دەگەیەنێت کە

وەکــو ئــەرکیکی جیاوازییــەکان لــەنیو رەگــەزەکانیدا دەیگەیەنیت، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ناشیت ماناکەی وەکــو شــتیکی ســەربەخۆ یــان شــتیکی یەکلاکــەرەوە پیکبیت. بەمجۆرە مانا بە شیوەیەکی سنوور نەدراو یان دیــاری نــەکراو دوادەخریــت‌و بــە شــیوەیەکی ناکۆتــا دەخریە دواوە.

جۆری یاریکردن بە زمـان زیـاتر بـە روونکردنـەوەی درەیدا لەسەر "کاریگەری خود بە دەرنان" یـان "خـود سرینەوە" نموونەی بۆ دەهینریتەوە. فیکرەی درەیدا کە تۆریکی جیاوازی بۆ دەکریت بە راستی لە گوتراویکدا یان دەقیکدا دەردەکەون. مانای ئاشکرا، کە ئامادەیە یان دیــارە لەگــەڵ خۆیــدا کاریگەرییــەکانی مانــا نادیــارە غایبەکان هەلدەگریت کە ئەو مانایانە لە لایەن هۆکارە ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەرکوت دەکرین سـەرباری ئـەوەی کــە تیهەلکیشــانەکانی تــر "لــە ویــدا" و وەکــو ئەلتەرنایتیڤی شیاوی بی رەتکردنەوەن چونکە دەشــێ لیکدانەوە بکرین یان بهینریتە بەر خەیاڵ‌و ئەندیشە.

## رەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر

رەخنــەی وەڵامدانــەوەی خوێنـــەر پرســـیاری ئـــەوە بەرزدەکاتـەوە کـە داخـۆ مانـای ئـەدەبی لـە کویـدا جیگـیر دەبیت.. لە سنووری دەقـی ئـەدەبیدا، یان لـە خوێنـەردا یـــان لـــە بۆشـــایی کـــارلیکی نیـــوان دەق و خوێنـــەردا. رەخنـــەگرانی وەڵامدانـــەوەی خوێنـــەر لـــە ئاســـتە جۆراوجۆرەکـانی زاتیــەتدا جیـاوازن، ئــەم رەخنەگرانــە ریگــای هاتنــە نــاوەی زانیــاری بـــۆ نیـــو تیۆرەکانیـــان واڵادەکـەن. کەسـیکی وەکـو دایڤـد بلیـچ سـەیری دەقـی ئـەدەبی دەکـات بــەوەی کــە جۆریــك بیــت لــە ئاوینــەو خوینەران خۆیانی تیدا ببینین. لە بەرهەمهینانی هەستی ئـــەدەبیدا، خوینـــەران جـــاریکی تـــر خۆیـــان دروســـت دەکەنــەوە. رەخنــەگرانی تــری وەڵامدانــەوەی خوینـــەر لەوانـەش ولفـانگ ئـایزەر جـەخت دەکاتـە سـەر خـودی دەقەکە زیـاتر لـەوەی کـە جـەخت بکاتـە سـەر هەسـت و کاردانەوەکانی خوینەر.

رەخنـەگرانی وەڵامدانـەوەی خوینـەر لەسـەر نـاوەندی دەق قورسـی دەخەنــە سـەر لایـەنی کـاتیی خویندنـەوەو پیشـنیاری ئـەوە دەکـەن کـە خوینـەران جـۆرە هەسـتیك بەرامبــەر بــە دەقــەکان دەخولقینــن کــە بەســەر کـــاتدا

دەپەریتەوەو لە سنووری دەقەکەدا لە رستەوە دەروات بۆ رستە، لە دیرەوە بۆ دیر، لە وشەوە بۆ وشە، بۆشاییەکان پردەکاتـــەوە، ئاماژەکـــان بەرهـــەمدینیت ئـــەویش لـــەو روانگەیـــەوە کـــە دەکرینـــە ئامـــاژەی نائاشـــکرا لـــە لایـــەن دریژەکارییەکانی دەقەوە وەکو ئەوەی کە دەیخوینینەوە.

هیشتا رەخنـەگرانی تری وەلامدانـەوەی خوینـەر لـە جـــۆری نۆرمـــان هۆلانـــد جـــەخت دەکەنـــە ســـەر داینامیکییـــەتی دەرونیانـــەی خویندنـــەوە. هۆلانـــد گفتوگـۆی ئـەوە دەکـات کـە هـەر خوینـەریك بیرۆکـەی ناسـنامەیەکی دیـاریکراو دەخولقینـیٚ کـە بـۆ خـۆی لـە خویندنەوەی هەر بەرهەمیکی ئەدەبیا کاریکی دەگمەنە. هۆلاند پیشنیار دەکات بۆ بەرهەمهینانی مانای بەرهـەمی ئـەدەبی پیویسـتە خوینـەران خۆیـان ئـەو مانایانـە لـە بەرهەمـەکانی ئـەدەبدا بدۆزنـەوە، یـان لـە پرۆسـەکانی خویندنـەوەی ئـەو بەرهەمـە ئەدەبیانـەدا، ناسـنامەکانی خۆیان بخولقینن.

یـەکیك لـە کۆنترین‌و هـەرە کاریگـەترین رەخنـەگرانی وەلامدانەوەی خوینەر لویس رۆزینبلاتـە، ئەم رەخنـەگرە گفتوگۆ دژی دانانی جەختی هیجگار زۆر لەسەر خەیاڵ‌و ناسنامە یان هەستەکان لە لیکدانەوەی ئەدەبیدا دەکات. هەمان شیوەی ئایزەر، رۆزینبلات قورسی دەخاتە سەر

دەق، هەرچەندە زیاتر گرنگی دەدات بە پەیوەندییە دینامیکییەکانی نیوان خوینەرو دەق لەچاو ئایزەردا. ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە رۆزینبلات بروای وایە مانا ئەدەبیەکان لەو پەیوەندییە ناوکۆییەدا بەرهەمدین.

بۆ رۆزینبلات هەمان شیوەی رەخنەگرانی تری وەلامدانەوەی خوینەر، مانای بەرهەمی ئەدەبی بوونی نابیت تاوەکو لە لایەن خوینەرەوە ئەو مانایە پیشکەش نەکریت یان نەبەخشریت بە دەقەکە.. تاکو ئەو کاتەش مانای ئەدەبی لە سنووری دەقدا شتیکی شاراوەو نادیار دەبیت. لە راستیدا خوینەران لە ریگای پرۆسەی خویندنەوەو وەلامدانەوەو راڤەکردنی دەقەکانەوە پەی بە شاراوەیی مانا دەبەن.

وەکو دەشێ چاوەروان بکەی، رەخنەگرانی وەلامدانەوەی خوینەر تەنیا کارە فیکرییەکانی شیکردنەوەو تیگەیشتن بە هیند وەرناگرن کە خوینەران پیشکەشیان دەکەن، بەلکو لەگەڵ ئەوانەشدا وەلامدانەوە زاتیەکانو وەرگرتنە عاتیفیەکانی بەرهەمە ئەدەبیەکانیش بە هیند وەردەگرن. جیاوازی لە نیوان وەرگرتنی فیکریو وەرگرتنی عاتیفیانەی ئەدەبدا زووتر لەم کتیبەدا بۆ هەریەکە لە سێ ژانرەکەی رۆمانو شیعرو دراما ئاشکرا کراوە. کەلك وەرگرتنی کە سێ لە

بەکارهێنانی تیروانینەکانی وەڵامدانەوەی خوێنەر بۆ ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەوەیە کە تۆ لێیەوە دەستپێدەکەیت و ئەویش شتێکی بنچینەیی و دەستپێکەرانەیە یان بریتییە لە کاردانەوە سەرەتایی و وەڵامدانەوە یەکەمیەکانت. بێگومان لە خوێندنەوەدا دەشێ میشکی خۆت سەبارەت بە کاردانەوەت بۆ بەرهەمێک بگۆڕیت، دەشێ پیادەی ئەزموونی ناکۆك یان هەستە جیاوازەکان بکەیت. یان لەوانەیە مانا بۆ بەرهەمەکە بە شێوەیەکی جیاواز دروستبکەیت ئەویش بە هۆی ئەو دۆزینەوانەوە کە دواتر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ئەنجامی دەدەیت. ئەوەی لە دوابەشی ڕۆمانێك دەیخوێنیتەوە بۆ نموونە دەشێ تێگەیشتن لەو شتەی کە لە بەشی یەکەمدا یان لە ناوەراستدا خوێندوتەتەوە بگۆڕێت کە ئێمە بە یەك ڕێگا لێکدانەوەمان کردبوو هەر لە یەکەم بەشەوە تاکو کۆتاییەکەی. ئەوەی بۆ ڕەخنەگرانی وەڵامدانەوەی خوێنەر گرنگە تەنیا ئەم جۆرەی خوێندنەوەیە کە ئەویش داینامیکی خوێندنەوەی چالاکانەیە کە تیایدا بیرە گۆڕاوەکانی خوێنەرو هەستکردنەکانی دەکرێت بە بنەما. ئەم ڕەخنەگرانە وەسفی پێکەوە پەیوەستبوونی پرۆسەی خوێندنەوە دەکەن لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی کە

تیایاندا میشکمان لەوە رادەمینیت داخۆ چی لەو دەقەدا هەیە یان دیت کە پشتی بەستووە بەوەی کە ئیمە پیشتر چ شتیکی ترمان خویندۆتەوە. هەروەها میشکمان لەو ریگایە رادەمینیت کەبە شیوەیەکی ئامادەکراو پیایدا دەگەرییینەوە بۆ دووبارە لیکدانەوەی ئەو بەشەیەی پیشتر لەبەر رووناکی ئەوەی دواتردا دەیخوینینەوە. دەقی ئەدەبی بۆ رەخنەگرانی وەلامدانەوەی خوینەر بابەتیکی دیار دەبیت لە جیاتی ئەوەش تەنیا وەکو بابەتیك بمینیتەوە دەبیتە بەشێ لە ئەزموونی خوینەران لەو ئاراستەیەوە کە چۆن ریگای خۆیانی لە ناودا دەکەنەوە.

رەخنەی وەلامدانەوەی خوینەر بەمجۆرە جەخت دەکاتە سەر پرۆسیس زیاتر لەوەی کە جەخت بکاتە سەر بەرهەم، جەخت دەکاتە سەر ئەزموون زیاتر لەوەی کە جەخت بکاتە سەر دەقیکی وەستاوو بابەتیو مانا. بۆ رەخنەگرانی وەلامدانەوەی خوینەر دەقەکە هیچ نییە، تەنانەت جیگایەکی ئەوتۆیشی نییە هەتا لە خەیالی خوینەرەکانیدا بژی. بەلای ئەم رەخنەگرانەوە بەرهەمە ئەدەبیەکان مانایەکی بابەتی سەربەخۆیان نییە کە لە یەك کاتدا راست بیتو بۆ هەمووان بشیتو بۆ هەموو خوینەرانیش هاوشیوە بیت، بەلکو لە جیاتی ئەمانە ئەم

ڕەخنەگرانە گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە خوێنەران لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە یان مامەڵەکردنیانەوە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا مانا بۆ ئەو دەقانە دروست دەکەن، ئەو مانایانەشی کە دروستی دەکەن دەشێ جۆراوجۆر بن وەکو چۆن ئەو کەسانەی کە دەیانخوێننەوە جۆراجۆرن.

ڕەخنەگرانی وەڵامدانەوەی خوێنەر جەخت لەسەر دوو خاڵی زیاتر دەکەن سەبارەت بە مەوداو جۆراوجۆریتی لێکدانەوەکانی خوێنەران. یەکەمیان لێکدانەوەی تاکە خوێنەرێك بۆ بەرهەمێك دەشێ بگۆڕێت، لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانەش لەوانەیە پەیوەندیی بە کاتەوە هەبێت. خوێندنەوەی یۆلیس قەیسەری شکسپیر دەشێ لە خوێندنگای بەرزدا ئەزموونێکی زۆر جیاواز بێت لە خوێندنەوەی لە کۆلێژدا یان خوێندنەوەی لە سەردەمی گەورەبوونو دوای کۆلێژدا. دووەمیان لە ڕووی مێژووییەوە خوێنەران لە نەوە جیاوازەکانو سەدە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەی کتێب دەکەن. ئەو بەرهەمە شتی جیاواز بە خوێنەرانی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکانی دەڵێت ئەویش لەسەر بنەمای پشتبەستن بە پێداویستییە تایبەتەکانیان، لەسەر بنەمای گرنگیپێدانیانو لەسەر بنەمای زەمینەی کۆمەڵایەتیان. لە هەردوو حاڵەتە

تاکەکەسـیەکانو هەلـە میژووییـە گـەورەترەکاندا، گۆرانکاری روودەدات، ئەو گۆرانکارییانەی کە کاردەکەن لەوەی کە چۆن تاکە کەسەکان پەی بە شتەکان دەبەنو وەریاندەگرنو لییان تیدەگەن کە لە کاتە جیاوازەکانی ژیانیاندا چی دەخویننەوە.

شتی یەکلاکەرەوە بۆ خوینەران بە مەبەستی داننانە بە زاتیەتی خۆیاندا ئەویش لە کاری خویندنەوەداو بۆ ئەوەی بە ئاگابن لەوەی کاتیَ دینە سەر بەرهەمە ئەدەبیەکان بە زنجیرەیەك بیروراو هەلویستو بەهاوە دین.. هەموو ئەمانەش وایان لیدەکات کە کیَو چی بن، بە ئاگابوون لەو مەیلو ئاراستانەی کە دەیانخویننەوە دەتوانن ریگا لە لایەنگریتیو ئارەزووەکانمان بگرن بۆ بە لاوەنانی لیکدانەوەکانمان بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکان، لە هەمان کاتدا پیویستمان بە سەرنجدانی وردەکارییەکانی دەقەکە هەیە. ئیمە بە هیچ شیوەیەك ناتوانین وا بکەین لە وشەو رستەکان هیچ مانایەك ببەخشن. چەندین سنوورو چوارچیوە هەن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە پەسەندە. سنوورو چوارچیوەکان بابەتی قسە لەسەرکردنو گفتوگۆکردنن. بۆ زۆربەی تیۆریستانی وەلامدانەوەی خوینەر سنوورو چوارچیوە هەردووکیان ئامادەبوونیان هەیە. گفتوگۆکردن لە نیوانیاندا لە پرۆسەیەکی

هاوسەنگی بەچیژدا بوار بە خوینەران دەدات بۆ ڕاهینانکردنی زاتیەتی خۆیان کاتێ گرنگی بەرهەمەکان لەسەر لاپەرە برەو پیدەدەیت.

لە وانەیە هاوشیوەبوون سروشتی جووت لایەنەی لیکدانەوەی ئەدەبی لە تیروانینو پەیپیبردنی وەلامدانەوەی خوینەرەوە روونبکاتەوە، کەسیك پەی بە ئازادی خوینەرو سنوورەکانی دەقەکە دەبات لەوانەیە وەکو پارچە مۆسیقایەك بیر لە دەقیك بکەینەوە کە لە کاتی پیشکەشکردندا کەسیك گیان دەکات بە بەری ئەو پارچە مۆسیقایەدا. خوینەران مانای شاراوە لە دەقیك بەرهەمدینن کە بە هەمان ئەو ریگایە دیتە بەرهەم کە مۆسیقاریك گیاندەکات بە بەری پارچە مۆسیقایەکدا لە کاتی پیشکەشکردنیدا. کاتێ مۆسیقارەکان پارچە مۆسیقایەك لیدەدەن یان کاتێ خوینەران بەرهەمیکی ئەدەبی دەخویننەوە ناتوانن نۆتەی پارچە مۆسیقاکە یان وشەکانی دەقەکە بگۆرن. خوینەرانو مۆسیقارەکان هەردووکیان سنووریان بۆ دانراوە بەوەی کە لەسەر لاپەرەکە تۆمارکراوە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هیشتا فەزا یان لیکدانەوە جیاوازەکانو وەلامدانەوەی جۆربەجۆریش لە ئارادان. دوو لیکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان وەکو دوو نمایشکردنی مۆسیقی لەوانەیە

هـەندێ جـار بـە ریگـای گرنـگ جیـاواز بــن، لیکدانــەوە جیاوازەکـان تـا ئەندازەیـەك رەوا دەبـن لەبەرئــەوەی وشــە یـان نۆتــەکانی ســەر لاپەرەکـە بـەهیند دەگـرن، ئــەوەش زیاتر وەکو ریبازیکی لۆجیکی شایەن بە بـەرگریکردن لـە بەرهەمەکە نیشاندەدەن.

# دیمەنەکانی رەخنەی فیمینیستی

رەخنـــەی فیمینیســـتی هـــەمان شـــیوەی رەخنـــەی مارکسیو میژوویی لایەنە کۆمەڵایەتیو کەلتورییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگینن بە تایبەتی ئەو شتانەی کە ئەو بەرهەمانە سەبارەت بە دەورو پایەو کاریگەری ژنان دەریدەخەن. هەمان شیوەی رەخنەگرانی تری پەیوەست بە لایەنە کۆمەڵایەتیەکانەوە، رەخنەگرانی فیمینیست ئەدەب لە روانگەی پەیوەندی بوونیەوە بە سیاقە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیەکەیەوە لیکدەدەنەوە. رەخنەگرانی فیمینیستی دیسان بە شیوەیەکی نموونەی سەیری ئەدەب دەکەن وەکو مەیدانیك بۆ ململانیو بۆ دەربرینی نارەزایی سەبارەت بە هیزو دەسەڵات. هەمان شیوەی رەخنەگرانی کۆمەڵایەتی، رەخنەگرانی فیمینیستی دیسان وەکو هۆیەکی گواستنەوەو گۆرانکاری کۆمەڵایەتی سەیری ئەدەب دەکەن.

سەرباری ئەوە، رەخنەگرانی فیمینیست هەولدەدەن بۆ دیسانەوە ئاراستەکردنەوەی ناهاوسەنگی تویژینەوەی ئەدەبی کە تیایدا هەموو کتیبە گرنگەکان لە لایەن پیاوەوە دەنووسرین، یان ئەو کەسیتانەی کە

بایەخی گرنگیان بە تایبەتی پیدەدریت دژەکارەکتەری نیرن. بەمجۆرە رەخنەگرانی فیمینیست دەستیانکردووە بە تویژینەوەی ئەو نووسەرە ژنانەی کە پیشتر بەرهەمەکانیان پشتگوێ خراون. ئەم رەخنەگرانە دەستیان کرد بە سەرنجدانی ئەو ریگایەی کە هوشیاری "مێ"ی پیکهیناوە لەو ئەدەبەدا کە لە لایەن ژنانو پیاوانەوە نووسراون. هەروەها دەستیانکرد بە گۆرینی سروشتی ئەو پرسیارانەی کە درەبارەی ئەو ئەدەبە بەرزدەکریتەوە کە بە شیوەیەکی بالادەست ئەزموونی نیر پیچەوانە دەکەنەوە.

لەم ریگایانەو لە ریگاکانی تریشدا دیمەنە رەخنەییەکانی فیمینیست کەوتنە لاوازکردنی ئەو گریمانە باوکسالاریو نیرینەییانەی کە تا ئەم ماوانەی دوایش دەسەلاتیان بەسەر دەروازەکانی رەخنەی ئەدەبیدا کردووە. سەرباری ئەوە رەخنەگرانی فیمینیست دەتوانن بگەرینەوە بۆ ئەسلەکانی خۆیان، لە سیاسەتو ئاماژەکردنەکانی سەدەی نۆزدە وەکو کاریگەرییە بەرجەستەبووەکانی بەرهەمەکانی مارگریت فۆلەرو ماری ولستۆن کرافت گۆدوینو جۆن ستوارت میلو ئیلزابیس کاری ستانتۆن. دیمەنە فیمینیستەکان تەنیا لە بازنە ئەدەبیەکانی "ژووریك بۆ خودی خۆی"

ڤیرجینا ولف له سالی ١٩٢٩دا به ئاشکرا دەرکەوتن له کاتیکدا ئەو رۆمانه وەسفی ئەو بارودۆخه گرانانه دەکات که له سایەیاندا نووسەرانی ژن دەبووا له رابردوودا هەمان شیوەی سیمۆن دی بۆڤار له "رەگەزی دووەمدا" سالێ ١٩٤٩ کاریانبکردایه، که باری بایۆلۆژیو سایکۆلۆژی کۆمەلایەتی ژنانو شوینو دەورو کاریگەرییان له کەلتوری رۆژئاوادا شیدەکاتەوە.

تەنیا له کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا رەخنەی فیمینیست کەوته دەرکەوتن ئەویش لەگەڵ بلاوکردنەوەی "بیرکردنەوە دەربارەی ژنان"ی ماری ئیمان له سالی ١٩٦٨داو "سیاسەتی سیکسی" کەیت هیلیت سالی ١٩٧٠ و کۆمەله بەرهەمیکی تر که دوای زیاتر له چارەکه سەدەیەك هاتوون هیچ ئاماژەیەکی هەلوەشاندنەوەو پوچکردنەوەی ئەو بارودۆخانه نیشان نادەن. ئیم. ئەیچ. ئەبرامز له فەرهەنگه کاریگەرو بەرفراوان بەکارهینراوەکەیدا به ناوی "زاراوە ئەدەبیەکان" چوار بنەمای سەرەکی بۆ رەخنەی به تەواوەتی فیمینستانه دەستنیشان دەکات که لەم لیستەی خوارەوەدا کورت دەکرینەوە:

١-شارستانیتی رۆژئاوا به شیوەیکی بلاو شارستانیتییەکی باوکسالارییه (واته له لایەن باوکەوە

بەریوە دەبریت) و پیاو سەنتەرو دەسەڵاتدارە تیایداو لە ئەنجامی ئەوەشدا شیوازیك ریکدەخریتو بەریوەدەبریت کە ژن تیایدا پاشکۆ دەبن بۆ پیاو لە هەموو دەسەڵاتە کەلتوریەکاندا لەوانەش دەسەڵاتی خیزانیو ئایینیو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو یاساییو هونەریش.

٢-چەمکە باڵادەستەکانی جیندەر (رەگەز لە رووی نیرو میوە) لە رووی ئەو خاسیتانەوە کە ئەوە پیکدینن ئایا نیرینەیی چییە، ئایا میینەیی چییە، بە شیوەیەکی بەربڵاو ئەگەر بە شیوەیەکی تەواوەتیش نەبیت، ئەو بنیادە کەلتوریانەن کە لە لایەن بنەما باوکسالارییە ئامادەبووە بەردەوامەکانی شارستانیتی ئیمەوە بەرهەمهینراون.

٣-ئەم ئایدیۆلۆژیای باوکسالارییە (یان ئایدیۆلۆژیای نیرینەییە یان سەنتەر نیرنەییە) ئەو نووسینانە بڵاودەکاتەوە کە بە ئەدەبی گەورە دانراون لەگەڵ ئەوانەی کە تا ئەم دواییانە زیاتر لە لایەن پیاوانەوە بۆ پیاوان نوسراون.

٤-شیوەو پیوانە ئیستاتیکیە تەقلیدییەکان بۆ شیکردنەوەو هەلسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان.. لە راستیدا بە گریمان بە بایەخدانەکانی نیرینەو ریگاکانی لیکدانەوەو (هۆهینانەوە) بەهیزدەکرین بۆ ئەوەی کە

ئاسته ستانداره‌کان‌و هه‌روه‌ها مامه‌له‌کردنه ره‌خنه‌ییه‌کان له‌گه‌ڵ به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌کاندا نائاشکرا بوون، به‌ڵام به شێوه‌یه‌کی ته‌واوه‌تی ئاراسته‌یه‌کی ره‌گه‌زی (نیر یان مێ) بوون.

پێویسته تێبینی بکرێت، هه‌رچه‌نده ئه‌و لیسته‌ی ئه‌برامز یارمه‌تیده‌ره، به‌ڵام مه‌یلی شاردنه‌وه‌ی جیاوازییه‌کان له نیوان زۆر جۆری هه‌مه‌چه‌شنی ره‌خنه‌ی فیمینیستی‌دا ده‌کات وه‌کو ئه‌وه‌ی که ئێستا ئه‌نجام ده‌درێت. به‌مجۆره ئه‌م ریگایانه‌ی که ئه‌م گریمانانه پێچه‌وانه ده‌که‌نه‌وه له ره‌خنه‌ی فیمینیستیدا به شێوه‌یه‌کی به‌ربڵاو جیاواز ده‌بێت له رێبازه‌کانی ره‌خنه‌ی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی خوینه‌ر که له لایه‌ن ره‌خنه‌گرانی فیمینیستی وه‌کو جۆدیس فیته‌رلی‌و ئیلیزابیس فلاینه‌وه به‌کاردیت، رێگاکانی تویژینه‌وه‌ی که‌لتوری جۆراوجۆر جیاواز ده‌بیت که له لایه‌ن جه‌ین تۆمپکینسن‌و ئیڤ کۆسۆڤسکی‌سیجویکه‌وه به‌کاردین هه‌روه‌ها له رێبازی ده‌رونشیکاری (لاکان) جیاواز ده‌بیت که ئه‌م ریگایه‌ش له لایه‌ن هیلین کیکسۆو جولیا کریستیڤاوه به‌کارده‌هینریت. ده‌شێ باشتر وابیت به شێوه‌ی کۆ (ده‌سته‌جه‌می) بیر له ره‌خنه‌ی فیمینیستی بکریته‌وه واته وه‌کو ره‌خنه‌ی فیمینیسته‌کان بیری لیبکریته‌وه زیاتر له‌وه‌ی که وه‌کو تاکه بوویه‌کی یه‌ك ئیقاع‌و یه‌ك ئاست ته‌سه‌ور بکریت.

## رەخنەی نوێ

### ن: ئەبرامز

ئـەم زاراوەیـە لـە دوای بڵاوکوکردنـەوەی کتیبەکـەی جۆن کراو رانسۆم بە ناوی رەخنەی نوێ-١٩٤١ بووە بە شتیکی بڵاو. ئـەم رەخنەیـە بـە شـیوەیەکی بـەرفراوان جیبەجێ کرا وەکو ئاراستەیەك لـە رەخنـەی هاوچەرخی ئەمـەریکیدا، بــە شــیوەیەکی پەیوەســت لــە رەگــەزە جیاوازەکـانی "بنـەماکانی رەخنـەی ئـەدەبی- ١٩٢٤"ی ئای. ئەی. ریچاردزو "زانستو شیعری- ١٩٢٨ هـەمان نووســەرو وتــارە رەخنەییــەکانی ت. س. ئیللیەتــەوە داریـژراوە. رەخنــەگرانی لــە بارچـاوی ئــەم ئاراسـتەیە بریتین لە کلینس برۆکسو رۆبیرت پین وارین کە کتیبە مەنهەجیەکەیان بە ناونیشانی "تیگەیشتنی شیعر" و بۆ یەکەمجار لە سالی ١٩٣٨ بڵاوکرایەوە زۆر شتی تیدابوو بــۆ پیکـهینانی رەخنــەی نــوێ وەکــو تــیروانینیکی باڵادەسـت لــە کۆلیژەکـانی ئەمـەریکیداو تەنانـەت لــە خویندنگا بەرزەکانیشدا. نووسەرانی دیاری تریش کـە ئاسایی وەکـو رەخنـەگرانی نـوێ دەناسـرین بریتـین لـە ئالین تـەیتو ئار. پـی. بلاکمۆرو جەی. سـی. رانسـۆمو ویلیـەم کـەی ویسـاتو جــەر. نووســەریکی پایەبــەرزی

ئینگلـیزی کـه بەشـداری هـەندێ بنـەمای رەخنـەییو پراکتیکـی رەخنـەیی لەگـەڵ رەخنـەگرانی ئەمـەریکادا دەکات ف. ر. لیڤزە.

رەخنەگرانی نوێ جیاوازن لە یەکتری ئەویش لـە زۆر رووەوە، بەڵام ئەو روانینو پیوانانەی کە بە دوایدا دەچن بۆ زۆربەیان هاوشیوەن:

١-ئەو شیعرەی لیی دەکۆڵنـەوە دەبـێ وەکـو شـیعر مامەلە بکریت، وەکو بابەتیك لە سنووری خۆیدا- یان بە قسەی ئیللیەت "لە باری یەکەمدا دەبێ وەکو شیعر نـەك وەکو هـەر شـتیکی تـر مامەلـە بکریـت". یەکـەم یاسـای رەخنـە وەکو جۆن کراو رانسـۆم گوتـی "ئەو شتـەیە کـە دەبێ بابـەتی بیت، دەبـێ ئامـاژە بـۆ سروشـتی بابەتەکـە بکـات"، هـەروەها دەبـێ دانبنیـت بـە سـەربەخۆیی بەرهەمەکە خۆیدا وەکو بوونی لە پیناوی ئامانجی خۆیدا (بروانـە رەخنـەی بابـەتی). رەخنـەگرانی نـوێ خوینـەر بەرامبـەر بـەم سـەرگەرمکردنانە وریادەکەنەوە کـە بـۆ لـە دەستچوونی دیمەنی بابەتەکە خۆیەتی وەکو فیکرەیەکی هەلـەی ئامـانجدارو فیکرەیـی هەلـەی کاریگـەری، لـە شـیکردنەوەو نرخـاندنی بەرهـەمیکی تایبـەتیدا، رەخنەگران دووردەکەوتنەوە لە پەنابردن بۆ بایۆگرافیـای نووسـەرو بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی سـاتەوەختی

بەرهەمهینانی ئەو بەرهەمە یان پەنابردن بۆ کاریگەرییە دەرونیو رەفتارییەکانی لەسەر خوینەر. دیسان مەیلیان بەلای نزمکردنەوەی گەرانەوەو پەنابردنە بۆ میژووی ژانرە ئەدەبیەکانو بابەتی ئەو بەرهەمە.

٢-پیوانەی جیاکراوەی رەخنەگری نویٚ ئاشکرا کردن یان خویندنەوەی داخراوە: واتە شیکردنەوەی هەمەلایەنەو ئالۆزی پەیوەندییە ناوکۆییە ئالۆزەکانو تەمومژی (مانای تیکەڵاو) رەگەزە پیکهینەرەکانە لە سنووری بەرهەمیکدا. "دەق" بۆ ماوەی دووردوردریژ پیوانەیەکی رەسمی بووە بۆ فیرکردنی ئەدەب لە خویندنگاکانی فەرەنسادا، بەڵام پیوانەی دیاری شیکردنەوەی رەخنەی نویٚ لەم کتیبانەوە دادەریژریت "رەخنەی پراکتیکی" ریچاردز سالی ١٩٢٩ و کتیبی "حەوت جۆر لە تەمومژاوی بوون"ی ویلیەم ئیمپسۆن سالیٚ ١٩٣٠.

٣-بنەماکانی رەخنەی نویٚ بە شیوەیەکی بنەرەتی زارەکین. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەدەب دەخریتە ژیر باری ئەوەی کە جۆریکی تایبەتی بیت لە زمان کە خاسیتەکانی بەهۆی ناکۆکبوونی سیستاماتیکانە لەگەڵ زمانی زانست و لەگەڵ گوتاری مەنتیقدا پیناسە دەکریتو چەمکە سەرەکیەکانی ئەم رەخنەیە دەکۆلیتەوە لە ماناو کاری ناوکۆی پیکەوەیی وشەکانو

وینـه زمانیـەکان‌و هیماکـان. جـەخت کردنـە سـەریکی گـەورە لەســەر "یــەکیتی ئۆرگــانی" بنیــادو مانــا هەیــە لەگــەڵ وریاکردنەوەکان دژی جیاکردنەوەی ئەم دوو شتەی کە کلینس برۆکس ناوی بردووە بە "هەر تەقەی دارشتنەوە دەق".

٤-جیاکردنــەوە لــە نیــوان ژانــرە ئەدەبیــەکاندا، ئەگەرچی بە فراوانی دانپیدانـراوە. لـە رەخنـەی نویـدا شتیکی گەوهـەری نییـە. پیکهینـەرە بنچینەییـەکانی هـەر بەرهەمیکی ئەدەبی، ئەگـەرچی لیریك بیـت یـان گیرانـەوە یان دراما، ئەوە ملکەچی ئەوەیە کە لە وشەو وینەو هیما پیکبیـت زیــاتر لــەوەی لــە کەسـیت‌و فیکـرەو گریچـن پیکبیـت. ئـەم رەگـەزە زمانیانـە ئاسـایی دەگوتریـت بـە دەوری گەوهـەری بەرهەمەکــەدا ریکدەخریـن ئـەویش بـە مەبەستی دروستکردنی پەشیوی‌و ئایرۆنی‌و پارادۆکس لە سنووری بنیادیکدا کە بریتییە لە پیکـەوە گونجاندنی پالنــەرە پیچەوانـەکان یــان هاوســەنگی هــیزە دژەکــان. شیوەی بەرهەمیك ئەگـەر کەسیت‌و گریچنـی هـەبیت یـان نەیبیت ئەوە بە شیوەیەکی سەرەتایی دەگوتریت بریتییە لـە بنیـادیك بـۆ ماناکـان‌و لــە ریگـای یاریکردنیکــەوە یــان یاریکردنیکی بەرامبەرەوە بەرەو پیشـەوە دەچیت ئـەویش لـە بەرەوپیشەوەبردنی وینەی سیماتیکی‌و کاری هیماییەوە.

جولەی تووندی شۆرشگیرانەی رەخنـەی نویَ لـە دوا ســالەکانی پــەنجاکاندا زۆریــك لــە هــیزو وزەی خۆیــی لەدەستدا، ئەویش کاتیك ژمارەیەك لـە رەخنـەگرانی نویَ

کەوتنەوە دیسانەوە تاقیکردنەوەو فراوانکردنی بنەماو پیوانە رەخنەییەکانیان، بەڵام ئەم رەخنەیە ئاسەواریکی دیاری لەسەر رەخنەی ئەدەبی بەجیهیشتووە. هەروەها ئەم رەخنەیە جەختیکی سەرەتایی کردۆتە سەر بەرهەمی تاکەکەس و سەرجۆراو جۆریتی و ئالۆزی ئەو تەکنیکانەی کە بە شیوەیەکی مۆڵ بۆ شیکردنەوەی ئەدەبی هیناونیەتیە ئاراوە..

نموونە سەرەکیەکانی تیۆرو پراکتیکی رەخنەی نویٚ بریتین لە کلینس برۆکس لە کتیبی (*The Well-Wrought Urn*) سالی ١٩٤٧و دەبلیو. کەی. ویسات لە کتیبی "دەقی زارەکی" سالی ١٩٥٤. رەخنەو وتارەکانی دەبلیو ستالمان لە رەخنەدا لە نیوان سالانی ١٩٢٠-١٩٤٨ و ١٩٤٩دا کە کۆمەلە وتاریکی پەسەندو لەبارن و زۆربەیان سەر بەمجۆرە رەخنەیەن. گۆڤاری ئەدەبی "شیکردەوە" سالی ١٩٤٢ تەرخانکراوە بۆ خویندنەوەی داخراو، کە بریتییە لە خاسیتی بەرهەم هینراوی ئەم بەرهەمی ریبازە بۆ دەقە ئەدەبیەکان. هەروەها سەرنجی "شیکردنەوەی وەکو رەخنەی" ویمسات بدە لە سالی ١٩٦٣. هەروەها بۆ رەخنەکانی تیۆری و ریبازی رەخنەی نویٚ سەرنجی و، س. کرەین بدە لە کتیبی "رەخنەگران و رەخنە، کۆن و نویٚ (١٩٥٢) لەگەڵ سەرنجدانی کتیبی "زمان و رەخنەو بنیادو شیعر" سالی ١٩٥٣.

# ڕەخنەی ئۆتۆبایۆگرافیا

## ن: ڕۆبیرت دیاینی

بۆ چ مەودایەك ژیانی نووسەریك دەبێ بهێنریتەوە هەتا لیکدانەوەی بەرهەمی ئەو نووسەرەی لەسەر بکریت کە ئەمەش بە دریژی مەسەلەیەکی پیچەوانە بووە. هەندێ لە ڕەخنەگران سوورن لەسەر ئەوەی کە زانیاری بیبلۆگرافیانە لە باشترین کارپیکردنەکانیداو لە خراپترینیاندا پرۆسەی شیکردنەوەو نرخاندنو تیگەیشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەشیوینیت. ئەم ڕەخنەگرانە بروایان وایە کە بەرهەمە ئەدەبیەکان دەبێ لەسەر بنەمای خۆیان بووەستنو ڕووتبکرینەوە لە ڕاستییەکانی ژیانی نووسەرەکانیان.

لە بەرامبەر ئەم ڕوانینەدا، سەرباری ئەوە دەشێ یەکێ دابنرێ کەئەو زانیارییە هەلسەنگینێ کە خوینەران لە زانینی ژیانی نووسەرانەوە بە دەستی دینن. ڕەخنەگرانی بایۆگرافی گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە بە شیوەیەکی گەوهەری سێ جۆر لە کەلك هەیە کە خوینەران لە بەکارهینانی بەلگە بایۆگرافیەکانەوە بە دەستیدینن بۆ لیکدانەوەی ئەدەبی کە بریتین لە:

١–خوینـەران بەرهەمـە ئەدەبیـەکان باشـتر تیدەگـەن لەبەرئـەوەی راسـتییەکان لـە بـارەی تاقیکردنـەوەکانی نووسەرەوە دەتوانێ یارمەتی خوینەر بدات بۆ بریاردانی ئەوەی کە چۆن ئەو بەرهەمانە لیکبدریتەوە.

٢–خوینـــەران دەتوانـــن بـــە شـــیوەیەکی چاکـــتر بەرهـەمیکی ئـەدەبی هەلسـەنگینن بـە مەبەسـتی زانینـی خـەباتی نووسـەرەکەی یـان زانینـی گیروگرفتـەکان لـە ئەفراندنی ئەو بەرهەمەدا.

٣–خوینەران دەتوانن باشتر سەرقالبوونی نووسەران بـە بیرکردنـەوەوە بـنرخینن بـە لیکۆلینـەوەکردنی ئـەو ریگایانـەی کـە ئـەزموونی راسـتەقینەیان بگونجینـێو ریکبخات لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا.

بۆ نموونـە زانینـی ئـەوەی کـە شکسپیر ئـەو ئەکتـەرە بووە کە دەوری بینیوە لەو شانۆییانەدا کە نووسیویەتی ئـــەوەش مەودایـــەکی فراوانـــتر بـــۆ هەلســـەنگاندنی عەبقەریەتی شکسپیر لە لایەن ئیمەوە پیشکەش دەکات.

دیســـان لەوانەیـــە بانگهیشـــتی ئیمـــە بکـــات بـــۆ ســـەیرکردنی شـــانۆییەکانی لـــە خـــالیکی پراکتیکـــی دەوربینیکـەوە زیـاتر لـە وەی کـە تـەنیا لـە دیمـەنی خوینـەریکی سـەر کورسـی یـان خویندکـاریکی نـاو پـۆل یان بەریوەبەریکی شانۆوە ببینریت.

یان بۆ زانینی ئەوەی کە چیرۆکەکانی هەمەنگوایی لەو تاقیکردنانەوە دادەریژریـن کە لە ئەفەریقا لە راوکردنی زۆریدا هەیبووە لەگەڵ جەنگی یەکەمی جیهان و ژمارەیەکی زۆری ژن هینانیدا خوینەر ببات بۆ بینینی ئەوەی کە چۆن تەنیا ژیان و بەرهەم پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. بە تایبەتی بە مەبەستی بینینی ئەوەی کە چۆن هەمەنگوایی ئەزموونی راستەقینەی خۆی هەلژاردووەو چۆن ئەزموونی راستەقینەی خۆیی پیکهیناوە بۆ ئەفراندنی کورتە چیرۆکەکانی.

جاریکی دی ژیانی جۆراوجۆر ئیمیلی دیکنسۆن دەشێ کاربکاتە سەر خویندنەوەی ئیمە بۆ بەرهەمەکەی. بەهیندگرتنی زانیاری بایۆگرافی و بەکارهینانی بۆ شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی تەواو دەشێ زیاتر روونبکریتەوە زیاتر لەوەی لەبەردەمیدا سەرسام بمینین یان بیشیوینین. لە بیرکردنەوەدا سەبارەت بە ناونیشانە جیگیرەوەکان کە نووسەریك بیری لیکردۆتەوە دیسان دەتوانیت وا لە خوینەر بکات جەخت بخاتە سەر لایەنە جیاوازەکانی بەرهەمیك، بە تایبەتی بۆ قورسی خستنەسەر رووداوە جیاوازەکان و بۆ نرخاندنی تیشکەنیگای کەسیتە جیاوازەکان. هەروەك ئەوەشی پەیوەندی بە ریبازیکی رەخنەییەوە هەیە، سەرباری ئەوە، دیمەنە بایۆگرافیەکان دەبێ بە ژیرانە

بەکاربهینرین‌و جەخت بخریتە سەر بەرهەمی ئەدەبی‌و زانیاری بایۆگرافی بەکاربهینریت بۆ روونکردنەوەی تیگەیشتن‌و بەرەو پیشەوەبردنی لیکدانەوە.

رەخنەگری بایۆگرافی دەتوانیت قورسی بخاتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر نەك تەنیا بۆ بەهیزکردن‌و بەرزکردنەوەی ئاستی تیگەیشتن لەو بەرهەمانە بە شیوەیەکی تاکە کەسیانە بەلکو رەخنەی بایۆگرافی دیسان جەخت دەکات بۆ دەولەمەندکردنی تیگەیشتنی خوینەر لە هونەرمەندەکە (نووسەرەکە). لە وتاریکدا لەسەر پەیوەندییەکانی نیوان ئەدەب‌و بایۆگرافیا، لیون ئیدیل، نووسەری بایۆگرافیای ئەدەبی هەولدەدات بۆ دۆزینەوەی لایەنەکانی بایۆگرافیا لە بارەی بابەتەکەوە کە بریتییە لە ریگاکانی خاسیتی بیرکردنەوەو پەیبردن‌و هەستکردن کە دەشێ زۆر بە ئامانەتەوەو بە تەواوی ئاشکرا بکریت لە بەرهەمی نوسەرەکەدا زیاتر لەوەی لە دەربرینە بە ئاگاییەکانی دەرەوەی ئەدەبدا ئاشکرا بکرین. سەرباری ئەوە، ئەوەی لە لیکۆلینەوەی پەسەندی بەرهەمی نووسەرانەوە فیری دەبین دیسان دەشێ لەگەڵ تیگەیشتن لە جیهانی نووسەرەکەدا پیکەوە ببەسترین‌و بەم شیوەیەش وەکو پردیك بۆ هەلەسنگاندنی ئەو سیاقە کۆمەڵایەتی‌و کەلتورییانە خزمەت دەکات کە نووسەرەکە تیایاندا ژیاوە.

## سەرچاوە:

*1-Daived Duches. Approaches to Literary Criticsm*

*2-Robert Diyanni. Literature.*

*3-M.H. Abrams. A Glossary of Literary Terms.*